# شیکاری گێڕانەوەناسی "فەزیلەتی بەنیئادەم" لەسەر بنەمای نموونەی کرسیتۆڤەر ڤۆگڵەر*

**ئاوات حسن والی[1]، بوشرا قادر کاکەمحمەد کەسنەزانی[2]**

[1] کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی هەڵەبجە، هەڵەبجە، هەرێمی کوردستان، عێراق.

[2] بەشی کوردی، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە-** ئەم توێژینەوەیە، بەناونیشانی (شیکاری گێڕانەوەناسی "فەزیلەتی بەنیئادەم" لەسەر بنەمای نموونەی کرسیتۆڤەر ڤۆگڵەر)، کەبەیەکێک لە تیۆرە نوێیەکانی گێڕانەوەناسی دادەنرێت و لەم توێژینەوەیەدا، شیکاری داستانێکی عیرفانی ناو ئەدەبی کوردیمان پێکردووە، کە فەقێ قادری هەمەوەندی وەك سۆفییەکی ناو تەریقەتی قادری بە زمانی ڕەمز و ڕازی، جیهانی عیرفانی و شێوەی سلووکی لە چوارچێوەی داستان دا گێڕاوەتەوە، تێیدا بەهۆی بەکەسکردنی (ڕۆح و دڵ، نەفسەکان، ویژدان، شەیتان) بە شوێنکردنی هەستەکانی وەك(تورەیی، نیانی، غیرە، سەخاوەت، ڕژدی، بەرچاوتەنگی، تورەیی، شاوەت)ەوە دەقێکی گێڕانەوەیی باڵای بە شێوەی داستانی عیرفانی بونیاد ناوە، کە جیاواز لە داستانی پاڵەوانی و داستانی دڵداری، بونیادێکی ڕۆحیانەی پەروەردەکاریانەی پڕ جۆشوخرۆشی هەیە.

ئەم توێژینەوەیە لە سێ بەش پێکدێت: بەشی یەکەم تەرخانە بۆ لایەنی تیۆری، چەمک و زاراوەکانی(گێڕانەوە و گێڕانەوەناسی)، پاشان مێژووی دەرکەوتن و گەشەکردنی زانستەکە و مەوداو سنوورەکەیمان باسکردووە. لە بەشی دووەمدا، بەشێوەی پراکتیکی لەسەر بنەمای نمونەی شیکاری گێڕانەوەناسی (کریستۆڤەر ڤۆگلەر) کارمان لەدەقەکەدا کردووە، بەپێی بنەماسەرەکییەکانی تیۆرەکە، قۆناغەکانی گەشتی نوسەرمان لە داستانەکە دا شیکردووەتەوە. لە بەشی سێیەمیشدا، حەوت جۆرە ئارکیتایپەکەی تیۆرەکەی ڤۆگلەرمانلە داستانەکە دا دیاریکردووە و شیکاریمان بۆ ڕۆڵەکانیان کردووە. لەکۆتایشدا ئەنجامەکان و لیستی سەرچاوەکان خراونەتەڕوو.

**کلیلە ووشەکان-** گێڕانەوەناسی، فەزیلەتی بەنیئادەم، کریستۆڤەر ڤۆگلەر، فەقێ قادری هەمەوەند، داستانی عیرفانی.

## پێشەکی:

گێڕانەوەناسی، لەڕەخنەی نوێدا، زانستێکە کار لە سەر هەموو جۆرە گێڕانەوەیەک دەکات، بە پشتبەستن بە دانە زمانییەکان و پاڵنەرەکانی ناو دەقی گێڕانەوە، دەقی ئەدەبی شـیدەکاتەوە، دەقەکە لە هەر ژانر و بوارێکدابێت (پەخشـان، شـیعر)، زارەکی یان نووسراو بێت، ڕۆمان، بیرەوەری، دەقی والا، قەسـیدە، داسـتان ...، بەمەرجێک ناواخنێکی گێڕانەوەیی هەبێت. تەمەنی ئەم زانسـتە دێرین نییە و بەشـێوەیەکی زانستی لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە برەوی سەند. لەناو لێکۆڵینەوەی ئەدەبی کوردیشدا، گێڕانەوەناسی بەشێوەی نوێکەی، مێژوویەکی کۆنی نییە و ئەم بیست ساڵەی کۆتایی جێی خۆی لە ناو ڕەخنەی نوێ دا کردۆتەوەت. ئێمە لەم توێژینەوەیەدا یەکێـک لەتیۆرە دیارەکانی گێڕانەوەناسی بەکاردەهێنین بۆ شـیکاری داسـتانێکی تەسـەوفیی ناو ئەدەبی کوردی، خاڵی بەهێزی توێژینەوەکەمان ئەوەیە، کە ئەو تیۆرە بەشـــێوەی کارەکی کاری پێدەکەین و ئەو داســـتانە عیرفانییەش (فەزیلەتی بەنی ئادەم) ی فەقێ قادری هەمەوەندە، کە بەنموونە وەرمانگرتووە بۆ توێژینەوەکەمان، لە کایەی زانســـتی کوردستاندا، تا ئاستێك دەستی بۆنەبراوە.

**پلانی توێژینەوەکەمان:** توێژینەوەکەمان لە سێ بەش پێکهاتووە، لەبەشی یەکەمدا، سەرەتایەک لەبارەی گێڕانەوەناسییەوە خراوەتەڕوو، هەروەها بەکورتی باسی سەرەتای دەرکەوتن و گرنگیپەیداکردنی کراوە لەناو ڕەخنەی ئەدەبیدا، پاشان مەوداکانی گێڕانەوە باسکراوە. لە بەشی دووەمدا باسی بنەماکانی تیۆری گێڕانەوەناسی کریستۆڤەر ڤۆگڵەر کراوە و بەشێوەی کارەکیی و بەنموونەی داستانەکەوە، باسی ئەو قۆناغانەکراوە، کە ڤۆگلەر بۆ هەردەقێکی گێڕانەوەیی خستوویەتیەڕوو. لەبەشی سێیەمدا، جۆرەکانی کەسایەتی، یان ئارکیتایپەکانی تیۆرەکەی ڤۆگلەر، لە دەقەکە دا شیکردنەوەی بۆ کراوە و نموونەکان خراونەتەڕوو.

**میتۆدی توێژینەوەکە:** بۆ بەئەنجامگەیاندن و پراکتیکیکردنی تیۆری ڕەخنەی گیرانەوەناسی، پشت بە نموونەی کاریی کریستۆڤەر ڤۆلگەر بەستراوە لە چوارچێوەی گێڕانەوەناسی بونیادگەریی دا.

## بەشی یەکەم:
## لایەنی تیۆری توێژینەوەکە

### گێڕانەوە

لە زمانی کوردیدا چەندین وشە هەن بۆ نیشاندانی گێڕانەوە، کە بەپێی مەوداکانی گێڕانەوە و ژانرەکان دەگۆڕێن، زاراوەکانی وەك: هەقایەت، گێڕانەوە، سەرگوزەشتە،

مجلة جامعة التنمية البشرية

المجلد 12، العدد 3(2026)؛ عدد الصفحات (15)؛ معرف الكائن الرقمي: 10.21928/juhd.v12n3y2026.pp213-227

ورقة بحث منتظمة: أُستلم البحث في 16 تشرين الأول 2025؛ قُبل في 7 كانون الأول 2025 ؛ نُشرت في 12 آب 2026؛

البريد الإلكتروني للمؤلف :bushra.kaka@univsul.ed.iq, awat.wali@uoh.edu.iq

حقوق الطبع والنشر ©2026 ئاوات حسن والی، بوشرا قادر کاکەمحمەد کەسنەزانی. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

نەقڵ، ڕاز، نەزیلە، بەسەرهات، هەموویان دەربڕینی چەمکێکی گێڕانەوەین، کە زۆر جار بە هەڵە دەبنە هاوواتا بۆ خودی کردەی گێڕانەوە، بەڵام ئەمانە نەقڵی هەقایەتن. بەڵام وەك زاراوەی چەسپاو بەرامبەر بەو کردەی ڕووداوی پێدەگێڕدرێتەوە، وشەی (گێڕانەوە) بەشێوەی زانستی جێگیر بووە، وشەکەش لە فەرهەنگی زمان دا بە مانای باسکردنی قسەی گوتراو، یان حیکایەت گوتنە (هەژار،١٣٦٩: ٧٤١). هەروەها باسکردنی شتێکی ڕابووردوو بۆ یەکێك (خاڵ،٢٠٠٥: ٤١٨). لە زمانی عەرەبی دا وشەی (سرد) و لە زمانی فارسی دا (ریوایت) لە زمانی ئینگلیزیش دا وشەی (Narration) بەرامبەر بە گێڕانەوە هاتوون. لە هەموو زمانەکاندا مەبەست لە زاراوەی گێڕانەوە؛ گێڕانەوەی ڕووداوێکە بە بەشداری چەند کەسێتییەك لە کات و شوێنێکی دیاریکراو ڕووی دابێت.

بۆ ئەوەی گێڕانەوەیەك مانا ببەخشێت و وەك بەرهەمێکی ئەدەبی تەماشا بکرێت، دەبێت دوو کۆڵەکەی هەبێت، یەکەمیان ئەو بەسەرهاتەی کە ڕوویداوە وەك کەرەستەی خاو، دووەمیان شێوە و هونەری گێڕانەوە، ئەمەش لە لای تیۆرناسان بە چیرۆك و چنین ناویان هاتووە. چیرۆك مەبەست لە ڕوودانی ڕووداوە بە شێوەی مێژوویی، بەڵام چنین کە پلۆتیشی پێدەوترێت ڕیزکردنی ڕووداوەکان بە سەلیقەی هونەرمەندانە و دروستکردنی گرێچن و بایەخدان بە هۆ و ئەنجام، کە ئەم ڕووداوە لەبەر چی ڕوویدا، نەك تەنہا چۆن ڕووی دا؛ بخرێتە ڕوو.{کەسنەزانی، 2012، 18} بە واتایەك گێڕانەوە مانابەخشینە بەکردەوە پەرشوبڵاوەکانی مرۆڤ. ژیان وەختێك مانادار دەبێت، کە لەبەستێنێکی گێڕانەوەیەکی ڕێکوپێکدا بیچم بگرێت و لە دۆخی پەرشوبڵاوی بێتەدەرەوە و لە فۆرمی زمان و لە یادەوەری گشتی دا جێگیربێت. لە باری سرووشتی دا کات پچڕ پچڕە، بەهۆی گێڕانەوە و ئاوێتەکردنی لەگەڵ زمانەکە ئاهەنگی دەکاتەوە و دەیکاتە کاتێکی بینراو و هەستپێکراو. (مەحموودپور،١٣٩٨: ١٢).

## گێڕانەوەناسی:

گێڕانەوەناسی زاراوەیەکە لە وشەی گێڕانەوەوە خوازراوە، مەبەست لێی زانستی گێڕانەوەیە، زانستێکە، کە بایەخ بە هەموو لایەن و بەشەکانی ناو گێڕانەوە دەدات و بە ڕوانگەی نوێ و تیۆری نوێ، خوێندنەوە بۆ مەوداو سنووری فراوانەکانی ناو گێڕانەوەگەریی دەکات. لە زمانی فارسی دا هەر وشەی ریوایەت کە بریتییە لە گواستنەوەی هەواڵ یان ڕووداو یان قسە لە کەسێک. دووبارەکردنەوەی قسەی کەسێک"(عمید،١٣٨٩: ٥٨٣). پاشگری شناسی بۆ دانراوە و وشەکە بووە بە (ریواتشناسی). لە زمانی عەرەبی دا (السرد)، بەکارهاتووە جگە لە چەندین زاراوەی تری وەک(السردية) بۆ گێڕانەوەیی و (السرديات) بۆ گێڕانەوەناسی دانراوە. لە زمانی ئینگلیزیشدا، وشەی(Narration)، بەواتای (گێڕانەوە)ی زمانی کوردی دێت، بۆ زانستی گێڕانەوەناسیش(Narratology)بەکاردێت. لە زمانی کوردی دا زاراوەی گێڕنەوەگەریی یان گێڕانەوەگەرایی جاروبار بە هەڵە بەکاردێن بۆ زانستەکە، بەڵام لە لایەن توێژەرانی بوارەکەوە وشەکانی گێڕانەوەناسی چەسپاوە{بڕوانە: مەنتك، کەسنەزانی، ئەحمەدزادە}.

گێڕانەوەناسی، زانستی لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی، کردەی گێڕانەوە و بنەماکانی دەقی گێڕانەوەیی و شێوازی داڕشتنەوەی ڕووداوەکانە بە شێوەیەکی هونەریی، کە لە ڕیزبەندی ڕوودانی مێژوویی دەرچوویێت و بەرهەمێکی هونەریی ئەفراندبێت. دیارە ئەمەش یەکێکە لەو زاراوانەی، بەهۆی بونیاتگەرییەوە هاتە ناو بازنەی ڕەخنەی ئەدەبییەوە، ئامانجی سەرەکی، ئەم دەستەواژەیە، خستنەڕووی وەسفێکی چڕاوی دەقی گێڕانەوەییە تا هەموو لایەنە تیۆری و کارەکییەکان، بەشێوەیەکی بابەتی و ڕێکخراو لەپێکهاتەی کردەی گێڕانەوەدا بگرێتەخۆی. (العمري،٢٠١٥: ٥).

گێڕانەوەناسی کار لەسەر گێڕانەوە دەکات، بەهۆی دانەکانی و یەکە پێکهێنەرەکانەوە جۆری دەقەکە دەناسێتەوە، ئەرك و ڕۆڵی کەسێتی دیاری دەکات و بەهۆی کەسێتی و کات و شوێن و ڕووداوەکەوە دەتوانێت ژانری گێڕانەوەکە دیاری بکات، چونکە لە هەر یەك لە ژانرەکاندا گێڕانەوە کار و پەیام و ئامانجەکەی جودا دەبێت، ئەگەر لە ڕوانگەی ئەم پێناسەی گێڕانەوەوە تەماشای گێڕانەوە ناسی بکەین کە دەڵێت: "گێڕانەوە خستنەڕووی بەسەرهاتێکە بۆ کەسانی وەک:"مرۆڤ، فریشتە، ئاژەڵ و شت" هاتووەتە پێش، لە کات و شوێنێکی دیاریکراودا. وەسفکردن و نیشاندانی بەزمانێکی وردچنراوی پەخشانی یان شیعری، بەڕەچاوکردنی چۆنیەتی باسکردن و شێوازی ڕێکخستنی ڕووداوەکان، هونەرمەندێتی کەسی وەرگێڕ نیشان دەدات. بەو مانایەی ئەوەی دەیگێڕێتەوە، ڕووداوگەلێکە دەشێت لە ڕابردوویەکی نزیک یان دووردا ڕوویان دابێت و ڕەگیان لەمێژوو، واقیع و ژیانی ڕۆژانەدا هەبێت، یان دەشێت ڕوویان نەدابێت و ئەگەری ڕوودانیان هەبێت."(کەسنەزانی،٢٠٢٢: ١٥).

## مێژووی گێڕانەوەناسی:

گێڕانەوە، بەواتا باوەکەی، وەک کردەیەکی پەیوەندی نێوان مرۆڤەکان لەگەڵ یەکتریدا، هەرلەسەرەتای مرۆڤایەتییەوە هەبووە، چونکە مرۆڤ لە سروشتی خۆیدا بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە و بۆ بەردەوامبوون لەژیان ئاتاجی یەکترین، لە سادەترین و بچوکترین چوارچێوەدا، لایەنی کەم پێویستە ژنێک و پیاوێک هەبێت، بۆئەوەی ژیانی مرۆڤایەتی بەردەوام بێت، ئەم هەبوونەشیان پێویستی بە پەیوەندی و تێگەیشتن و زانیاری گۆڕینەوە هەیە، جا کردەی پەیوەندیکردنەکە بەهەر ڕێگایەک بێت(ئاماژە، وێنە، قسەکردن .. هتد )، لەم نێوەندەدا، گێڕانەوە و زانیاری گەیاندن، یەکێک بووە لە ئەرکەکانی پەیوەندیکردن و بەردەوامیدانی پەیوەندیکردنی نێوان هەردوو لایەنەکە(گێڕەوە، بۆگێڕەوە)، بۆیە دەتوانین مێژووی گێڕانەوە بەستینەوە بەمێژووی بوونی مرۆڤ.

گێڕانەوە لە هەموو سەردەم و کۆمەڵگایەکدا بوونی هەیە و لە سەرەتای مێژووەوە دەستی پێ کردووە، یان تەنانەت کۆنتریشە لە مرۆڤایەتی، هیچ مرۆڤێک نییە کە گێڕانەوەی نەبێت. هەموو چین و توێژەکان، هەموو تیرەوتائفە مرۆییەکان گێڕانەوەی خۆیان هەیە، مرۆڤەکانی کولتوورە جیاوازەکان و تەنانەت دژبەیەکەکان زۆرجار هەوڵدەدەن تامی گێڕانەوەکان بکەن: لەڕێگەی گێڕانەوە ئەدەبیاتی نێودەوڵەتی، یان ناوچەیی بەرهەمی باش، خراپ، دەگات بەقۆناغەکانی دواتر و ئاشنای دەبین.(بارت،١٩٨٨: ٨٩ - ٩٠).

ئەوەی، کە کردەی گێڕانەوە بگەڕێتەوە بۆ سەرەتای بوونی مرۆڤ، پێویستی بە بەڵگەهێنانەوە و ڕوونکردنەوەی زۆرنییە، چونکە وەک ئاماژەمان بۆکرد، کاتێک دوو مرۆڤ پێکەوە بژین، ڕۆژانە چەندینجار بۆ گەیاندنی زانیاری، گێڕانەوە لەنێوانیاندا ڕوودەدات ، بەڵام ئەوەی تایبەتە بە قسەکردن لەسەر کردەی گێڕانەوە و شیکارکردنی، یان ئەوەی دەچێتە خانەی لێکۆڵینەوەی گێڕانەوەناسییەوە، بیروبۆچوونی فەیلەسوفەکانی یۆنانی کۆنە. (ئەفلاتون لە کتێبی سێهەمی کۆماردا، ئەوە ڕووندەکاتەوە، کە هەموو گێڕانەوەکان لە دوو بەش پێکدێن، قسەکان و بەشەکانی نێوان قسەکان، لە چیرۆکەکاندا، شاعیر بە شێوەی خۆی قسە دەکات، لەکاتێکدا لە بەشە لاسایکردنەوەکاندا، بەشێوەیەک قسەدەکات، وەک ئەوەی کەسێکیتربێت قسەبکات. ئەفلاتون گێڕانەوە بە سیستەمێکی فراوان و باڵاتر لە لاسایکردنەوە دەزانێت. بە بڕوای ئەفلاتون، لەو

شوێنەی(هۆمەر) لە ڕوانگەی کەسی سێیەمەوە چیرۆکەکە دەگێڕێتەوە، ئێمە ڕووبەڕووی گێڕانەوەیەکی ڕەها دەبینەوە، لە کۆیشدا لە ڕوانگەی کەسی یەکەمەوە دەگێڕێتەوە، بەهۆی لێکچوونی نێوان خودی هۆمەر و کارەکتەری گێڕانەوەکە، هاوشانی لاسایکردنەوە بەرەوپێشەوە دەڕوات.)(زاهدین فرد، ١٤٠٠: ٢٠).

لەدوای ئەفلاتوون، ئەرستۆ، بەچەندین شێوە باسی گێڕانەوە دەکات، چ وەك گێڕانەوە یان وەك لاسایکردنەوە. باسەکان لای هەردوو فەیلەسوفەکە، دەچێتە خزمەتی لێکۆڵینەوەکان بۆ شێوازی گێڕانەوە، چونکە لاسایکردنەوەش خۆی لەخۆیدا، جۆرێکی سادەی گێڕانەوەیە و هەمان ئەرکی هەیە. ئەرستۆ باسی شێواز، یان جۆری گێڕانەوە دەکات، کاتێک دەڵێت:"بۆی هەیە هەندەکی بە گێڕانەوە بکا و هەندێکی لەسەر زمانی کەسانی تر بێ، وەکو هۆمێرۆس وای دەکرد، یان لەوانەیە بەزمانی خۆیەوە قسەبکات بێ ئەوەی ئەم جۆرە گۆڕانانەی تێدا بکا، یان بەجۆرێ لاسایی کەسەکان بکاتەوە کە بەشێوەی درامی هەمووکاروکردەوەکان پێشکەش بکەن"(ئەرستۆ،٢٠١١: ١٩). ئەو لاسایکردنەوانەی ئەرستۆ لە(هونەری شیعر)دا باسیکردووە، بۆتە بنەوانی کاری توێژەرانی دواتری بابەتەکانی گێڕانەوە و گێڕانەوەناسی. ئەرستۆ کاتێک لەهونەری شیعری { شانۆگەری} دەکۆڵێتەوە، باس لەدۆزینەوەی پارچەکانی پەیوەست بە گێڕانەوەوە دەکات، بەڵام ئەو دەستەواژەیە بە مانایەکی زۆر گشتی بەکاردەهێنێت، بۆ قسەکردن لەسەر ئەدەب بەگشتی و گێڕانەوە بە تایبەتی. سەرەتا باسەکەی بەوە دەستپێدەکات، کە بەرهەمە ئەدەبییەکان لاساییکردنەوەی واقیعن، لەبارەی تیۆری هونەر لەسەر بنەمای لاساییکردنەوەوە، دەڵێت: پێویستە لێکۆڵینەوە لە سێ ناونیشان بکەین، کە دەگەڕێندرێنەوە بۆ لاساییکردنەوە: ئامرازی لاساییکردنەوە، بابەتی لاساییکردنەوە و میتۆدی(شێواز) لاسایکردنەوە. (ئەرستۆ،٢٠١١: ١٥-٢٠).

گێڕانەوەناسی، لەسەر بنەمای ئەو تێڕوانینانەی، کە لەبارەی کردەی گێڕانەوەوە، هەر لەکۆنەوە مابوونەوە، هەروەها ئەو چیرۆک و حەکایەتانەی، کە لەنێو نەتەوە جیاوازەکاندا، پانتاییەکی فراوانی لەژیانی کۆمەڵایەتی و کلتوری و سیاسی و هتد گرتبووەوە، لەسەرەتای سەدەی بیستەمەوە، وەک ڕەوتێکی زانستی نوێ دەرکەوت، هۆی ئەمەش بۆ کاری فۆرمالیست و بونیادگەرەکان دەگەڕێتەوە، کە نوسەرانی سەر بەو قوتابخانانە لەگەڵ ڕەخنەی شیعرناسی دا، کاریان لەسەر دەقی گێڕانەوەیی کرد و بناغەی زانستەکەیان داڕشتو کەسانی وەك: ڤلادمێر پرۆپیش بەهۆی کارکردنی لەسەر هەقایەتی فۆلکلۆر ڕەنگرێژی تەواوی بۆ زانستەکە کرد. (توێژینەوەی گێڕانەوەناسی سەدەی بیستەم، بەتایبەت ئەو توێژینەوەیانەی لە ئەورووپا دەستیان پێکردبوو، بناغەکەیان، بونیادگەری بووە و لە شیکردنەوەی دەقە ئەدەبییەکان تێپەڕیون و چوونەتە ناو بوارە فراوانەکانی ڕۆشنبیری و کلتوری و کۆمەڵناسی و ئەنسرۆپۆلۆجی. ڕەنگە گێڕانەوە ئەوەندە ئاشکرا دەرکەوێت کە ئێمە درک بە گرنگییەکەی نەکەین.)(زاهدین فرد، ١٤٠٠: ٣٢).

ئەوانەی لەبارەی مێژووی دەرکەوتن و گەشەکردنی گێڕانەوەناسییەوە، لێکۆڵینەوەیان کردووە، مێژووی زانستی گێڕانەوەناسی دابەشدەکەن بۆ سێ قۆناغ:

١- **قۆناغی پێش بونیادگەری** (تا ١٩٦٠). : (ئەرستۆ، پرۆپ، شکلۆفسکی).

٢- **قۆناغی بونیادگەری** لە (١٩٦٠ تا ١٩٨٠). قۆناغی دووەم: (کلۆد لیڤی شتراوس، تۆدۆرۆڤ، گریماس، ڕۆلان بارت). ( جیراڵد پرێنس، تۆن وین دایک، پۆڵ ڕیکۆر). گێڕانەوەناسی لەقۆناغی بوونیادگەریدا: بناغەتیۆریەکانی گێڕانەوەناسی هاوچەرخ لە فەرەنسا، لەشەستەکانی سەدەی ڕابردوودا و لەلایەن توێژەرانەوە دامەزراون، کە هەموویان سەر بە گروپی فۆرمالیزمی ڕووسی و زمانەوانی سۆسێری بوون و کاریگەرییەکانیان لە ناونانی یەکەکانی تیۆری گێڕانەوە، چاودێری ڕۆڵی بابەت و ڕۆڵی لایەن و جۆرەکانی ڕووداوەکانیان دەکرد. ئەم یەکانە بەپێی یاساکانی ڕێزمانی گێڕانەوە، لە زنجیرەیەکی کاتییدا لەگەڵ یەکتردا ڕێکدەخرێن. (مکاریک،١٣٨٥: ١٥١).

٣- **قۆناغی دوای بونیادگەری،** کە نەک تەنها پێشکەوتنەکانی دوای بونیادگەری لەخۆدەگرێت، لەوانە ئاوەدانکردنەوە لەخۆدەگرێت، بەڵکو پێشهاتەکانی ئەم دواییەی گێڕانەوەناسی، بەرەو ئەوەی بردووە، کە بووە بە چالاکییەکی هاوبەشی نێوان پسپۆڕییەجیاوازەکان. (مکاریک،١٣٨٥: ١٤٩- ١٥٥).

گێڕانەوەناسی لە سەدەی بیستەمدا گەشەیەکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە و بە تایبەتی لە ماوەی ئەم چەندساڵەی ڕابردوودا، خۆمان گەشەی نائاسایی توێژینەوەی گێڕانەوەناسیمان بینیوە، ئەم بوارە، سەرنجی ژمارەیەکی زۆر لەلێکۆڵەری ئەدەبی و زماناناسانی زۆرێک لە وڵاتانی بۆخۆی ڕاکێشاوە، لەگەڵ فەیلەسوف، دەروونناس، دەروونشیکار، ئینجیلیست، نیشانەناس، توێژەری کولتوری باو، مرۆڤناس، تیۆریستی پەیوەندیکردنن. (پرینس، ١٣٩٥: ١٠).

## مەوداکانی گێڕانەوەناسی

مەودای گێڕانەوە، تەنها لە چیرۆکدا قەتیس نابێت، ئەو تابلۆیانەی کە بە ڕەنگە جیاوازەکان دەنەخشێنرێن، پارچە مۆسیقا یان شیعرێک ئەمانە هەموویان پەیامێک، یان ڕووداوێکمان بۆ دەگێڕنەوە، بەڵام هەریەکەیان بەکەرەستەی تایبەتی خۆی، ئەگەر هەریەکە لەو هونەرانە، ڕاستەوخۆش گێڕانەوە نەبن، ئەوا ناڕاستەوخۆ لەدایکبووی کۆمەڵێک هۆکار و بارودۆخی تایبەتی و گشتین، کە واتای گێڕانەوەی لەناخی خۆیدا هەڵگرتووە. نمونەیەکی سادە بۆئەوەی ڕوونبێت، کەگێڕانەوە چەندە ڕۆچووەتەناو ئیشوکاری ڕۆژانەی تەمەن و ئاستەجیاوازەکانی کۆمەڵگا: تازە منداڵەکەم لە قوتابخانە داغلکردبوو، لەپۆلی یەکەم، چەند ڕۆژێکی کەم بەسەر دەوامکردنیدا تێپەڕی بوو! ڕۆژێک، کەگەڕایەوە ماڵەوە بێزار و تووڕەبوو، کەپرسیارمانکرد، لەهۆکاری بارودۆخەکەی، وتی: مامۆستای هونەر داوایکردووە وێنەی ترافیکلایت بکێشین و منیش نەمویستووە و حەزمنەکردووە ئەو وێنەیە بکێشم! دوای گفتوگۆکردن لەگەڵیدا و ئارامبوونەوەی، وتی: بەڵام لەکۆتاییدا مامۆستاکەم ناچاریکردم وێنەکە بکێشم! کەداوامکرد وێنەکەی بهێنێت سەیریبکەم، منداڵێکی پۆلی یەکی بنەڕەتی، کەتازە دەستی فێری پێنووس گرتن بووبێت، ئەبێت چۆن وێنەی ترافیکلایتی کێشابێت! بەڵام هەستمکرد، تەنها وێنەی ترافیک نییە و شتێتری تێدایە، کەپرسیارمکرد، ئەوە چییە؟ وتی مامۆستا منی ناچارکرد، کەهەر ئەبێت وێنەی ترافیک لایت بکێشم! ئەوە منیش وێنەی مامۆستاکەشم کێشاوە، کە لەنزیک ترافیک لایتەکە سەیارە لێیداوە و مردووە. بەسەرێکردنی ئەو ڕووداوە سادەیە، ئەوەمان بۆڕووندەبێتەوە، کەگێڕانەوە و تەنانەت دروستکردنی ڕووداوی سادەی گێڕانەوەیی، هەر لەسەرەتای تەمەن و ژیانی مرۆڤەوە هەیە.

چیرۆکی دونیا زۆرن. ئەوانە بریتین، لەجۆراوجۆرییەکی نائاسایی لە چەشنەکان، هەروەها لەنێوان کەرەستەی جیاوازدا دابەشکراون، وەک ئەوەی هەر شێوازێک، کەتوێژەر گێڕانەوەکانی پێدەسپێرێت، ڕاست و باش بێت، قسەکردن دەتوانێت پشتگیری لە گێڕانەوەکە بکات، بە شێوەی زارەکی، یان بە نووسین، لە ڕێگەی وێنەوە. جێگیر یان جووڵاو، لە ڕێگەی ئاماژە و لە ڕێگەی تێکەڵەیەکی ڕێکخراوەوە، گێڕانەوە لە ئەفسانە هەیە، ئەفسانە، مەتەڵ، چیرۆک، کورتە چیرۆک، داستان، مێژوو، کارەسات(تراجیدیا)، کۆمیدی پانتومیم، وەک لەتابلۆی ڕەنگاوڕەنگدا، پەنجەرەی شووشەیی، سینەما، و هونەرە کاریکاتێرییەکان, ڕووداو و گفتوگۆی هەمەچەشن. (بارت،١٩٨٨: ٨٩).

**نموونەی کریستۆڤەر ڤۆگلەر(١٩٤٩):**


جۆزێپ کامپڵ، بیرۆکەی پێکهاتەی تیۆرەکانی: ڤلادیمێر پرۆپ، کلۆد بریمۆن، گریماس، جیرارد پرینس، دەگەیەنێتە لوتکە، ڤۆگلەریش بەسودوەرگرتن لە کامپڵ، تیۆرەکەی خۆی، لەژێر ناونیشانی"گەشتی نووسەر"، بەشێوەیەکی پراکتیکی کاریگەر، بۆ شیکاری سیناریۆی فیلمەکان دەخاتەڕوو، بانگەشەی ئەوە دەکات، هەموو چیرۆکەکان، چەند ڕەگەزێکی هاوبەش لەپێکهاتەکەیاندا هەیە، کەبەشێوەیەکی گشتگیر لە ئەفسانە و حیکایەت و چیرۆکی ئەفسانەیی و خەون و فیلمەکاندا دەبینرێن و دەتوانرێت لەڕێگەی شیکاری پێکهاتەکەیانەوە، چیرۆکەکان شیبکرێنەوە، یان بونیادبنرێن.(میرزایی و قارونی،١٣٩٨: ٦٠).

کریستۆڤەر ڤۆگلەر، وشەی (ئۆلگو)ی بەکارهێناوە، ئێمە بە نموونە دامانناوە، مەبەست لێی ئەو چوارچێوە ئامادەکراوە ئەفسانەییە کە لە هەموو دەقێکی گێڕانەوەیی دا هەیە و زۆر جار بە (ئارکیتایپ یان پێش نموونە)یش ناوی هاتووە. ئەو لە لێکۆڵینەوەی دەقی گێڕانەوەییدا، زیاتر بایەخی بەو دیاردانە داوە، کە لەئەفسانەکاندا، بە ئارکیتایپ ناسراون. ئارکیتایپەکان، لە هەموو کلتورەکان و سەردەمەکان و لەخەون و کەسایەتییە ناسراوەکان، بەهەمانشێوە لەخەیاڵی ئەفسانەکانی هەموو دنیادا بەشێوەیەکی سەرسوڕێنەرجێگیرن و هەن، ئەم هێزانە، یەکێک لە بەهێزترین بنەمای ناو تەکنیکەکانی چیرۆکی سەردەمی نوێ دادەنرێت (وگلر، ١٣٩٠: ٣٨). لەسەرەتادا، دەروونناسی سویسری: کارل گوستاف یۆنگ، بۆ وەسفکردنی ئەم کارەکتەرە هاوبەش و تایبەتانە، هێماکان و پەیوەندییەکانیان زاراوەی ئارکیتایپی بەکارهێناوە، کە بە نموونە سەرەتاییەکانی ناسنامەی کەسی و میراتی هاوبەشی مرۆڤایەتی دادەنرێت. (هەمان: ٣٧).

نەخشەڕێگای ڤۆگلەر بۆ دیاریکردنی قۆناغەکانی گێڕانەوەکان، دوازدە قۆناغ لەخۆدەگرێت، کەبریتین لە:

1- دنیای ئاسایی.
2- بانگێشت بۆکارێک، یان سەرکێشییەک.
3- ڕەتکردنەوەی بانگێشت.
4- چاوپێکەوتن و گفتوگۆ لەگەڵ کەسێک(مامۆستا، ڕابەر، پیر،...).
5- تێپەڕاندنی بەربەستی یەکەم.
6- ئەزموونەکان، هاوکاران، نەیاران.
7- هەوڵدان بۆ گەیشتن بە گرنگترین خاڵ.
8- ئەزموونێکی گەورە، یان تاقیکردنەوەیەکی قورس.
9- پاداشتکردن(دیاری و خەڵات).
10- گەڕانەوە(ڕێگەی گەڕانەوە).
11- ژیانی نوێ.
12- گەڕانەوە لەگەڵ بەدیلگیراودا، یان بەدەستکەوتەوە.(ووگلر،١٣٩١: ٣٧-٣٨).

هەروەها، کریستۆڤەر ڤۆلگەر، لەژێرکاریگەربوون بە یۆنگ و کامبڵ، حەوت ئارکیتایپی خستەڕوو، کەزیاتر لەئارکیتایپەکانی تر، لەداستانەکانداکارهاتوون، بەبۆچوونی ڤۆلگەر، تێگەیشتن لەم لایەنانە، لەبەهێزترین تواناکانی گێڕانەوەی داستانی مۆدێرنە، بەبێ ئەم حەوت لایەنە ناتوانرێت، چیرۆک بگێڕرێتەوە،(شاپوری و...،١٤٠٢: ٢٢٥- ٢٢٦). کە لەو هیلکارییەی خوارەوەدا ڕوونکراونەتەوە:




**داستانی فەزیلەتی بەنی ئادەم**

داستانی "فەزیلەتی بەنی ئادەم" هی فەقێ قادری هەمەوەندە . (1890 -1830) ز کە یەکێك بوو لە دەروێشە موخلیسەکان و پەروەردەی زانستگەکەی کاك ئەحمەدی شێخ. لە بنەڕەتدا ناوی عەبدولقادری کوڕی کوێخا ڕەسوولی کوڕی جوامێری یەکەمە، لە تایفەی بەگزادە و لە تیرەی چەلەبییە، سەر بە عەشرەتی هەمەوەنییەکانن. کوێخا ڕەسولی باوکی لە سەردەمی ئەورەحمان پاشای باباندا سەرۆکی عەشیرەت بووە و پلەی بڵندی سەربازی هەبووە و سەرلەشکر بووە. فەقێ قادر بەهۆی چالاکییە نەتەوەیی و سیاسییەکانییەوە چەندین ساڵ لە زیندانی دەوڵەتی عوسمانی دا دەبێت، لەو ماوانەدا لە زیندان سلووك دەکات لەژێر چاودێری کاك ئەحمەدی شێخ دا و هەر لە زیندانیش بەشێك لە داستانە عیرفانییەکانی دەنووسێتەوە. داستانی (فەزیلەتی بەنیئادەم) گێڕانەوەیەکی شیعری دووروودرێژە و لەگەڵ ڕوونکردنەوەی هەندێک بابەتی بیروباوەڕی و خستنەڕووی وردەکاری بیری تەسەووفی، لایەنی دەروونی و ململانێی ناخی کەسی باوەڕدار و سۆفی دەردەخات بۆ پاکژکردنەوەی دڵودەروونی و گەیشتن بە بەپلەی دڵنیایی و یەقین. بەشێوەی نواندن و ڕەمز جەستەی ئادەمیزادی کردووە بە هەشت هەرێمەوە، کە کەسێتی (ڕۆح، نەفس، دڵ، ویژدان، خوسات و خوتخوتە و ..) تیای هەڵدەسوڕێن. ئەم دەقە یەکێکە لە داستانە سۆفیگەرییە گرنگ و ورد هۆنراوەکانی ناو ئەدەبی کوردی.

**پوختەی گێڕانەوەی ڕووداوەکانی نێوان (هەشت هەرێم)ەکەی فەزیلەتی بەنیئادەم:**

ئەم گێڕانەوە باسکردنە لەململانێی ناوخۆیی، هەست و بیرکردنەوەی ڕێبواری ڕێگەی حەق و ئەو قۆناغانەی، کە لەڕووی بیرکردنەوە و هەستەوە، ژیانی کەسی سۆفی پێیدا تێدەپەڕێت، کە ناسراوە بە مەقام و دۆڵ و وێستگە.

نەفسی ئەممارە کۆڕوکۆبوونەوە ڕێکدەخات بۆگرتنی هەرێمەکان، ئەلخەناس وەک سوپاسالار، بەڕێدەکەوێت بۆگرتنی هەرێمی پێنجەم، کەموڵکی ئیرادەیە، سوپای ئەلخەناس لەیەکەم ڕووبەڕووبوونەوەدا، سەردەکەون و سوپای ئیرادەی وەزیر هەتا خێوەتگەکەیان ڕاودەنێن، ئیرادە داوای یەک مانگ مۆڵەت لەئەلخەناس دەکات، بۆئەوەی هەردوو سوپاکە، بریندارەکان چارەسەربکەن و مردووەکان بنێژن و ماندوویێتیان نەمێنێت، ئەلخەناس پادشای خۆی لەبارودۆخەکە ئاگاداردەکاتەوە و هەواڵی یەکەم سەرکەوتنیشی بۆدەنێرێت، پادشا(نەفسی ئەممارە) خۆشحاڵدەبێت بەسەرکەوتنی سوپای ئەلخەناس و دیاری و پاداشت دەنێرێت بۆ سوپاکەی. لەبەرامبەریشدا، وەزیر(ئیرادە) نامەدەنێرێت بۆ پادشا(دڵ)، داوای هاوکاری و پشتگیری لێدەکات، پادشاش هێزی پشتیوانی بەسوپاسالاری عەشقی مەجازی

دەنێرێت بۆلای وەزیر، لەپاش گەیشتنی سوپای پشتیوانی، شەڕەکە دەستپێدەکاتەوە و ئەمجارەیان سوپای ئەلخەناس شکستدەهێنێت. وەزیر نامەی سەرکەوتن دەنێرێت بۆ پادشا(دڵ)، پادشاش سوپاس و ستایش و دیاری و پاداشت دەنێرێت بۆسوپاکەی وەزیر و عەشقی مەجازی. لەسوپای بەرامبەریش هێزی پشتیوانی بەسەرکردایەتی ئیبلیس دێت، بۆ یارمەتیدانی سوپای ئەلخەناس، ئیبلیس لەسەرەتاوە، دەیەوێت بەفێڵ و هەڵخەڵەتاندن و تەماح خستنەبەردەمیان سوپای بەرامبەر بهێنێتە بەرەی خۆیان، بۆیە نامەیەک دادەڕێژێت و بە خوتخوتەدا دەینێرێت بۆ لای وەزیر و عەشقی مەجاز، ئەوانیش کاریگەردەبن بە ناوەڕۆکی نامەکەی ئیبلیس و ڕوونکردنەوەکانی خوتخوتە، بۆیە عەشقی مەجازی دەگەڕێتەوە بۆلای پادشا، بۆئەوەی ڕازیبکات، بەئاشتەوایی و ڕێکەوتنی پێشنیارکراوی نامەکەی ئیبلس. هەردوو بەرەی جەنگ، پادشاکانی خۆیان ئاگاداردەکەنەوە و ڕەزامەندییان لێوەردەگرن بۆ ڕێککەوتنەکە. بەپێی ناوەڕۆکی ڕێککەوتنەکە، هەردوو لایەن، سوپای خۆیان پاشەکشەپێدەکەن و باڵوێزەکانیان دیاریدەکەن و لەو شوێنانەی بۆیان دیاریکراوە دەستبەکاردەبن. نەفسی ئەممارە، بۆڕاکێشانی سەرنجی باڵوێزەکانی بەرامبەر، ئاهەنگ و بەزم و شادی بەرپادەکات و سەرگەرمییان دەکات، لەولاشەوە، باڵوێزەکانی خۆیان خەریکی زانیاری کۆکردنەوە و لاوازکردنی بەرامبەرن. بەپێی ئەو پلانەی ئیبلیس دایابوو، عەشقی مەجازی فریوی پلانەکە دەخوات و لەپێناو خۆشی و دەستکەوتدا، تەسلیمی پلانەکە دەبێت و لەهەرێمی چوارەم سوڵتانی ویژدان لادەبرێت و عەشقی مەجازی لەسەر تەختەکەی دادەنیشێت، دوای ئەو داگیرکارییەی هەرێمی شەرع و هەستکردن بە پلانەکانی ئیبلیس، بێزاربوونی پادشا(دڵ)، لەلایەن وەزیرەوە پادشای هەرێمی یەکەم، ئاگاداردەکرێتەوە لەداگیرکردنی هەرێمی چوارەم و زیندانیکردنی سوڵتانەکەی، پادشا(ڕۆح)، لەوەڵامی نامەکەی وەزیر(ئیرادە)دا، دوو سوپا بەسەرکردایەتی عەقڵی کامڵ و عەشقی حەقیقی دەنێرێت بۆ یارمەتی وەزیر، سوپای بەرامبەریش بەسەرکردایەتی عەشقی مەجازی، دەگەنە مەیدانی شەڕەکە، مەجاز لەپێشی سوپاکەیەوە، سێ هەزار جەنگاوەری هەڵبژاردەی سواری بەسەرکردایەتی مولهەمە نارد بۆشەڕ، لەڕووبەڕووبوونەوەدا، فەرماندە(عەشقی حقیقی) سوپاکەی لەناوبرد و مولهەمەشی کوشت، دوای سەرکەوتنی سوپاکەیان بەسەر سوپای مەجازدا و گرتنی هەرێمەکەی و ئازادکردنی سوڵتانی ویژدان، عەقڵی کامڵ، بەدیاری و پاداشت و فەرمانی شاهانەوە، گەیشتەلای سوپای وەزیر و عەشقی حەقیقی. لەسوپای بەرامبەر، دوای ئەوەی سوڵتان(ئەممارە)، ئاگادار ئەبێت لەبارودۆخەکە و گرتنی هەرێمی ویژدان، دەکەوێتە پرس و ڕاوێژکردن، پاشان نامەیەک دەنێرێت بۆ فەرماندەکانی سوپای بەرامبەر(حەقیق و کامڵ)، دەیەوێت گومانیان لادروستبکات و لەخشتەیان ببات، بەڵام فەرماندەکان، لەمەبەستی نەفسی ئەممارە تێدەگەن و وەڵامی شیاوی دەدەنەوە، دووبارە هێزەکان لەمەیدانی شەڕکردندا، بەیەکدادەدەن و لەئەنجامدا، دوای کوشتنی بەشێکی زۆری فەرماندەکانی هێزی دووژمن، سوپای سوڵتان(دڵ) سەردەکەوێت و نامەی سەرکەوتن دەنێرن بۆ پادشا(ڕۆح)، پادشا وەڵامی نامەکەیان دەداتەوە و دەسەڵات و متمانە دەدات بەسەرکردەکانی بەرەی شەڕ، کەهەربڕیار و ڕاسپاردەیەکیان هەبێت، ئەمیش هاوڕایە لەگەڵیان و پەسەندی دەکات. پادشا(دڵ) بەپرسوڕای حەقیق و وەزیر، یەقین دەکەن بەفەرمانڕەوا و دەکەوێتەڕێ بۆگرتنی سێ هەرێمەکەیتر، یەقین بەسوپاکەیەوە، هێزی نەفسی موتمەئینە تێکدەشکێنێت و موڵکەکانی نەفسی ئەممارە دەگرێت و نامەی سەرکەوتن دەنێرێتەوە بۆ پادشا(دڵ)، دوای تەواوبوونی شەڕ و گرتنی هەموو هەرێمەکان، دڵ و فەرماندەکانیتر دەگەڕێنەوە بۆشوێنەکانی خۆیان.

## بەشی دووەم:
## شیکاری (فەزیلەتی بەنی ئادەم) بەپێی نەخشە ڕێگای نمونەکەی ڤۆگلەر

**١- دنیای ئاسایی:** لەگێڕانەوەکاندا، بارودۆخی چیرۆکەکە، لەسەرەتای ڕووداوەکانەوە، ئارام و لەسەرخۆیە، بەڵام بەهۆی ڕووداوەکان و گۆڕانکارییەکانەوە، بارودۆخەکە دەگۆڕێت، بۆ ئاڵۆزی و ململانێکان دروستدەبن، کە ئەمە لای ڤۆگلەر ناونراوە( گەشتی نووسەر)، [لەوانەیە گەشتێکی ڕاستی بێت بۆ شوێنێکی واقیعی(دارستان، شارێکیتر، وڵاتێک، شوێنێکی سەرنجڕاکێش، شوێنێکی نوێ)، کە ململانێکان و ڕووبەڕووبوونەوەکان تێیدا ڕوودەدەن، بەڵام هەندێکجار گەشتەکە، گەشتێکی دەروونی دەبێت و پەیوەستدەبێت بە بیرکردنەوە و ڕۆح و هەست و سۆزی پاڵەوانەکەوە، لەم جۆرە گەشتەدا، کاراکتەری سەرەکی، گۆڕانکاری بەسەردادێت و شێوازی ژیانی دەگۆڕێت، لەبێهیواییەوە بۆ ئومێد، لەلاوازییەوە بۆ بەهێزی، لەنەزانینەوە بۆ زانیاری، لە خۆشەویستییەوە بۆ ڕقلێبوونەوە، یان بەپێچەوانەوە].(وگلر،١٣٩١: ٣٨).

دنیای ناو دەقەکە، بەشێوەیەکی ئاسایی و ئارام لەسوپاس و ستایشی خودا و باسکردنی پلەوپایەی مرۆڤ و فەزڵی بەسەر دروستکراوەکانی تری خودا دا دەستپێدەکات، پاشان ڕوونکردنەوەی ڕەگەزەکانی بوون و بنەمای ئاینداری و هۆکارەکانی پاراستنی ئیمان ڕووندەکاتەوە، پاشان دەقەکە، بەشێوەیەکی ورد باسی ئەو هەشت هەرێمە دەکات، کەلەنێو گێڕانەوەکەدا لەشەڕ و ناکۆکی و ململانێدان، لەڕووی پێکهاتەی دەقەکەوە، هەتا باسکردنی هەرێمەکان، بارودۆخەکە ئاساییە و دنیایەکی ئارام و بەبێ شەڕو و ڕووبەڕووبوونەوەیە، لەڕووی مەبەست و واتای پشت ڕەمزەکانی دەقەکەشەوە، تەمەنی مرۆڤ ژیانێکی ئاسایی و ئارام و بێ بەرپرسیارێتی ئاینییە هەتا تەمەنی هەرزەکاری، کە ئەم دەقەش ڕوونکردنەوەی گەشتی ژیانی کەسی سۆفییە، کەلەسەرەتای تەمەنی منداڵییەوە، دنیایەکی ئاسایی و بێ ململانێی ناوخۆییە،(ململانێی نێوان نەفس و دڵ و بیر و ئیمان،...)، کە ئەم دنیایە هەتا باڵغبوون دەخایەنێت.

| | |
|---|---|
| ئاما بە دونیـــا خۆراکش شـیرەن | جـە گەهوارەی دەرد دنیا ئەسیــرەن |
| تا حـــەدد بلوغ جینس ئینســانی | مەئمورەن بە ئەمـــر نەفس حەیوانی |
| جە عەقڵ و جە هۆش نەدارۆ ئەفکار | هـەم بێخـــەبەرەن جە هەر کاروبـــار |
| جە حەدد بولووغ ئەر بی خەبەردار | ئەر عەقڵش جە خاو غەفڵەت کەرد بێدار |
| پەی ئیتاعەی شەرع مەکەرۆ شورووع | شەڕ سێ ئیقلیم جێش مەبۆ مەمنووع |
| ئەر بە تەبیعەت سەلەف کەرد تەقلید | نـەکەرد دەفع نـەفس و ئیبلیس عـەنید |
| کەم کەم جە تەریق دین مەبۆ پەنهان | مـەبۆ وە بـارکـــەش غوول بیـــابان |

(ل٣١٢-٣١٣).

**٢- بانگێشت بۆکارێک، یان سەرکێشییەک:** ئەمە پاڵنەرێکە، کە پاڵەوانی چیرۆکەکان بەرەو ڕووبەڕووبوونەوە دەبەن و و ڕووداوەکان ئاڵۆزدەکەن، [ئەمانە ئامانجی پاڵەوانی چیرۆکەکە دیاریدەکەن، کەدەکرێت: بەدەستهێنانی گەنجینەیەک بێت، یان گەیشتن بەمەعشوقێک، یان ڕاستکردنەوەی کارێکی خراپ، گەیشتن بە خەونێک، یان سەرکێشییەک و هەوڵدان بۆ گۆڕانکاری لەژیاندا](وگلر،١٣٩١: ٤١). ئەم ململانێیە، لەژیانی کەسی ئیمانداردا، کە لەم دەقەی ئێمەدا سۆفییە، لەتەمەنی باڵغبوونەوە دەستپێدەکات، کە حەزوئارەزووەکانی گەشەدەکەن و شەهەواتی بۆدروستدەبێت، لەنێوان چێژوەرگرتن و حەز و تەماحی نەفسی، لەگەڵ ژیری و ئیمانی بەریەککەوتن

دروستدەبێت، مرۆڤەکان لەتەمەنی باڵغبووندا، شەهواتیان پاڵیان پێوەدەنێت بۆ چێژوەرگرتن، حەزەکانیان هانیاندەدات بۆ ناوبانگ، ویستەکانیان دەیانجوڵێنێت بۆ ماڵی دنیا، بەڵام ئەو کەسەی، کە ڕێگەی خوداناسی و تەریقەت هەڵدەبژێرێت، ئەو هاندان و ویست و حەزانە ڕەتدەکاتەوە و پشت لەدنیادەکات و بەرەوە خۆشەویستی خودا و ڕۆح هەنگاودەنێت، کە لێرەوەیە ڕووبەڕووبوونەوەکانی ناخی مرۆڤ دەستپێدەکات و دەروونی خراپەکار و شەیتان، بەئاسانی تەسلیم نابێت و بەردەوام فێڵ و تەڵەی نوێ دەخاتە بەردەمی ڕێبوار، بۆئەوەی لەڕێگەی ڕاستی لایبدات. پاڵەوانی چاونەترس و ڕێبواری ڕاستی، هەڵناخەڵەتێت و پێشنیارەکانی نەفس ڕەتدەکاتەوە و باکی نییە بەوەی ڕووبەڕووی هەر نارەحەتی و ئازارێک ببێتەوە. لەفەزیلەتی بەنی ئادەمدا، ڕۆح ڕێبواری ڕێگەی گەیشتنە بەحەقیقەت، نەفسیش لەڕێگەی هاوکارەکان و سەربازەکانییەوە، دەیەوێت بەربەست لەبەردەم ڕێگەی ڕێبواردا دروستبکات و نەهێڵێت بگات بەئامانجەکەی و بەرەو ئاڕاستەیەکی پێچەوانەی ببات، هەروەها هەموو هەست و بیرکردنەوە و کردارەکان، کۆنترۆڵبکات و کەسەکە بکات بە بەندە و خزمەتکاری حەزو و ویستەکانی خۆی:

نە ئەبر بلووغ باران شەباب      وارا بە ئیقلیم وجوود بە شیتاب
سێلاب سوروشک جۆش وەرد      ئاتەشکەدەی عیشق حەقیق خامۆش کەرد
بە قووەی شەهوەت فەساد جە هەرسوو سەیل دا نە عەین عەقڵ و عیشق هەردوو
زەرع چوار ئیقلیم ئاوەرد بە قووەت      چوار ئیقلیم جە زەرع وێشان بێن خەجڵەت
مولک شەرع و زەرع، تەریقەت زەبوون      ئیقلیم حەقیق مەعریفەت نیگون
مەلەخ هەوەس، نیران هەوا      زەرع عەقڵ و عیشق ڕۆحش کەرد تەبا
بارشت شەباب نەسیمەی فتوور      سێ ئیقلیم نەفس تەمام کەرد مەعموور.
(ل٣١٧-٣١٨).

لەئاستی ڕووکەشی دەقەکەدا، یەکەمین بانگێشت، کاتێکە، کە سوپای ئەلخەناس لەسنووری هەرێمی پێنجەم، خێوەتگە هەڵدەدەن و لەوەڵامی نامەی وەزیر(ئیرادە) داوادەکەن بەبێ شەڕ بڕۆنەناو هەرێمەکەوە و وەزیر بەرگری نەکات، بەزمانێکی دیبلۆماسییانە و لەژێرپەردەوە مەبەستەکەی خۆی دەردەبڕێت، وا قسەدەکات، باسی ئەوەدەکات، کە ویستی سوڵتانی نەفسە، گەشتی هەموو بوون بکەن و پەیامی خۆیان بگەیەنن بە هەموو هەرێمەکان.

ئەسڵ مەئموورم بە فەرمان شا      بە هەر مەرز و بووم بڕانم سوپا
ئەووەڵ بە ئاشتی بکەروون عوبوور      ئەر نەبی ئاشتی بە حەربەی فتوور
سا چون تۆ وەزیر پایتەخت شاهی      ساحێب مەرز و بووم تەخت و کولاهی
ئەڵبەت تۆ جەی ڕەئی مەبی ئیتتیفاق      جە دەریای ئەفکار نەداری نیفاق
کەرەم کەر بە لوتف جوود و مەلاحەت      ئیقلیم پەنجەم کەروون سیاحەت.
(ل٣٢٧).

٣- **ڕەتکردنەوەی بانگێشت:** ئەمە لەبارەی ترسەوەیە، لەم خاڵەدا، پاڵەوانەکە لەبارەی ڕووداوەکانەوە، وەڵامدانەوەی درەنگدەکەوێت، یان وەڵامی نابێت، بەهۆی ئەوەی دووچاری دڵەڕاوکێ و ترس دەبێتەوە و هێشتا بڕیاری ڕووبەڕووبوونەوە و هەڵوێستی نەداوە، لێرەدا پاڵەوانەکە، پێویستی بە پاڵنەرێکی بەهێز، یان ڕابەر و مامۆستا و ئامۆژگارێکی هەیە، کە هانیبدات و ئامۆژگاری بکات، بۆئەوەی زاڵبێت بەسەر هەستەکانیدا و ترسی نەمێنێت.(وگلر،١٣٩١: ٤١). ڕێبواری ڕێگەی خوداناسی، کاتێک نەفسی هانیدەدات بۆ تێرکردنی حەزو هەستەکانی، لەبەرامبەردا، ویستەکانی دەروونی ڕەتدەکاتەوە و تەقوای خودای زیاد دەکات و ملکەچی دونیای کاتی نابێت و ژیانی نەبڕاوەی قیامەت هەڵدەبژێرێت، لە دەقەکەشماندا، ئەلخەناس کەنوێنەری نەفسە و دەیەوێت بەو بانگەشە ساختەیەی کاریگەری لەسەر ئیرادە دروستبکات و تەسلیمی بکات، بەڵام ئیرادە لەمەبەستی سەرەکی ئەلخەناس تێدەگات و داواکاری ئەوەی ڕەتدەکاتەوە، کەڕێگەبدات سوپای بەرامبەر داغڵی هەرێمەکەی ببن، پێش بڕیاردان، پادشای خۆیی ئاگادارکردەوە لەبابەتەکە:

وەزیر نە غووتەی بەحر ئەفکار بی      نە تەدبیر دوڕ ئوموور کار بی
ناگا ساعیی وێش ئاما بە حوزوور      سپەرد بە دەستش نامەی سەر وە مۆر
وەزیر بە تەعزیم فەرمان سوڵتان      بە مەحز قیام فەرماش بوانان
کەردن قیرائەت شیققەی سوڵتانی      خیتاب بە وەزیر بە میهرەبانی
عەرزەی بەندەگیت بە ئێمە یاوا      جە ئۆردووی عەدوو ئێمەش کەرد ئاگا.
(ل٣٢٨).

٤- **چاوپێکەوتن و گفتوگۆ لەگەڵ کەسێک(مامۆستا، ڕابەر، پیر،...):** پەیوەندی نێوان پاڵەوان و مامۆستا، یان ڕاهێنەر، یان ڕابەر،... وەکەی، لەبڵاوترین دیاردەکانی ناو داستانەکانە، کەلەشێوەی پەیوەندی (دایکوباوک و منداڵ، یان مامۆستا و فێرخواز، پزیشک و چارەخواز، خودا و مرۆڤ) دا بەرجەستەدەبن، مامۆستا لەوانەیە لەشێوەی جادووگەرێک، ڕاهێنەرێکی توند و تووڕە، پیرێکی ڕیشسپی دانا،... دەرکەوێت، ئەرکەکەشی ئەوەیە، کە پاڵەوانەکە ئامادەبکات بۆڕووبەڕووبوونەوەکان. لەوانەیە مامۆستاکە نهێنییەکی سەرکەوتن، یان کەرەستەیەکی جادوویی فێری پاڵەوانەکە بکات.(وگلر،١٣٩١: ٤٢). ڕێبواری تەریقەت، هەمیشە بۆوەرگرتنی ڕێنمایی و ئامۆژگاری، دەگەڕێتەوە بۆ لای پیری تەریقەت، کە هاوکاری دەکات لەڕەوینەوەی شک و گومانەکانی و ئاڕاستەکردنی بەرەو ئارامی دەروونی، ڕابەران و پیرانی تەریقەتیش، بۆ دڵڕۆشنی و هیدایەتی زیاتر، پەنادەبەنە بەر خەڵوەتکێشی و پەرستش و پاڕانەوە، لەخودای گەورە. فەقێ قادری هەمەوەند خۆی هەمیشە بۆ هەمووکارێك پەنا دەباتەوە بەر پیر و ڕابەرەکەی کە حاجی کاك ئەحمەدی شێخە، لە کۆتایی شیعرەکانیشیدا هانای بۆ دەباتەوە، چونکە نووسینی ئەم بەرهەمانەش بەهۆی ئەوەوەیە.

لەم دەقە دا کاتێک وەڵامی نامەی ئەلخەناس، دەگات بە وەزیر و تێیدا دەڵێت: (قسە بۆ وەزیر: هاتنی سوپای ئێمە بۆ ئێرە، دڵی ڕووناکی تۆی قەڵەق کردووە. لەدەریای مەبەستمان پرسیارت کردووە، لە ئاشتی، لەجەنگ، لەبارودۆخ. من بەفەرمانی پادشا ڕاسپێراوم، سوپاکەم ببەمە هەموو سنور و خاکێک. سەرەتا بەئاشتی دەڕۆین، ئەگەر ئاشتی نەبێت ئەوا بەشەڕ ئەڕۆین. لەبەرئەوەی تۆ وەزیری پایتەختی پادشایەتیت، خاوەنی سنور و خاک و تاج و تەختیت. بەدڵنیاییەوە تۆ لەگەڵ بۆچوونی مندا نیت، لەدەریاری فیکردا دووڕوویت نییە. کەرەم بکە بە لوتف و هەوڵ و زمانشیرینی، گەشتێکی ناو هەرێمی پێنجەم بکەین)، وەزیر لەبەرئەوەی ناتوانێت بڕیارێکی یەکلاییکەرەوە بدات، لەگەڵ نامەنووسین و پرسیارکردن لەهۆکاری هاتنی سوپای ئەلخەناس، نامەیەکیش بۆ پادشای خۆی ئەنووسێت و داوای ڕێنمایی و فەرمانی لێدەکات:

وەزیر چون شنەفت نە جاسووس خەبەر    ئاما نە لەرزە ئەعزاش سەراسەر
دەردەم نویسا پەی سوڵتان ڕوقعە    ئاوەرد بە قەڵەم یەکسەر واقیعە
مەعلووم بۆ جە شاهـ یە ئەلخەنناسەن    پڕ زات و هونەر سوپاش ئەساسەن
بە وروود عەرزەی بەندەی جان نیسار    پەرێم ڕەوان کەر سوپای بێ شومار
من ئیستە چەنی مەجمەعەی سوپام    پەی دەفعش بە ئەمر تۆ مەکەم قیام
چون تۆ پادشای نە ڕووی دوو ئیقلیم    ڕەزای من بە ڕەئی، ئەمر تۆن تەسلیم
پەی موقابەڵەی ئەو دێو مەردوود    ڕەوان کەر ئەمرت بە ئەفکار زوود
نامەش کەرد تەمهیر، سپەرد بە ڕافیع    ڕافیع ستانان بە ڕا بی نافیع.
(ل٣٢٤-٣٢٥).

فەرمان و ڕێنمایی، پادشا بۆ ئیرادەی وەزیر، لەدوودڵی و بیرکردنەوە، ڕزگاری دەکات و سوپا و کەرەستە و پێداویستی جەنگی ئامادەدەکات و بەڕێدەکەوێت بۆڕووبەڕووبوونەوەی سوپای داگیرکەری نەفسی ئەممارە، کەبەسەرکردایەتی ئەلخەناس، لەسەر سنور خێوەتگەیان هەڵدابوو:

قووەی ئیدراکت من کەردەن مەمنوون    بە وروود فەرمان وە بێ چەند و چوون
سەوار بەر ئەسپ نەپەی نەنگ و نام    چەنی مەوجوودەی سوپای وێت تەمام
نەبۆ ئارامت نە ڕۆژ و نە شەو    بنیش نە حدوود موقابیل ئەو
مەبادا جە کار باوەری سستی    فتوون عەدوو کەرۆ پێش دەستی
دمای قیرائەت نوتق هومایوون    فەرما بەرشان خەیمە بە هاموون
هەم بە سەرهەنگان کریا ئیشارەت    حازر بی سوپای شەهر جەسارەت.
(ل٣٢٨-٣٢٩).

٥- **تێپەڕاندنی بەربەستی یەکەم:** لەم کاتەدا، کە پاڵەوانەکە دێتەناو ڕووداوەکانەوە، بەتێپەڕاندنی یەکەم بەربەست، بەتەواوی بەشداردەبێت لەئاڕاستەی چیرۆکەکەدا، کە سەرەتا و خاڵی دەستپێکی ڕووداوەکان لێرەوە دەستپێدەکات.(وگلر،١٣٩١: ٤٢). یەکەم بەربەستی گەشتی ژیانی سۆفی، ئەوەیە، کە نەفسی چۆن والێبکات، کە وازبهێنێت لەشتەدنیاییەکان و ئەوانەی مرۆڤ بێئاگادەکەن لەیادی خودا، ئەمەش لەسەرەتادا ئاسان نابێت و هەندێکجار ڕوودەدات، بەهۆی قورسی ڕێگاکەی( برسێتی، بێهێزی، پەرستشی زۆر، کەمخەوی، خەڵوەت،...)، ئەکرێت بەهۆی ئەمانەوە، بەئاگایی بێت، یان بەبێ ئاگایی، ڕێبوار دەرچوونی هەبێت لەڕێگاکەی و توشی هەندێک وردە لادانبێتەوە، بەڵام ئەمانە کاتین و خێرا بەخۆیدادەچێتەوە و داوای لێخۆشبوون دەکات و هەڵەکانی ڕاستدەکاتەوە.

لەچیرۆکە مێژوویەکان و ئەفسانەکاندا، بەزۆری پاسەوانی قەڵا، لەبەردەم پاڵەوان دەبێتە بەربەست بۆ چوونەناو دنیای نوێوە، بەربەستەکە دەکرێت هەندێکجار هۆکاری سادە بێت، وەک: خراپی کەشوهەوا، یان بێبەختی، یان دەمارگیری، یان ئەودوژمنەیە، کە هەموو مرۆڤەکان لەدنیای خۆیاندا، سەروکاریان لەگەڵ ئەوانەدا هەیە، هەروەها هەندێکجار گرێ دەروونییەکان و برینەسۆزدارییەکان، دەبنە ڕێگر لەبەردەم گەیشتنە لوتکە.(وگلر،١٣٩٠: ٧٤). لەفەزیلەتی بەنی ئادەمدا، بەربەستی یەکەم لەبەردەم ئیرادەی وەزیر، کەنوێنەر و سەرکردەی سوپای پادشای ڕۆحە، بە بەهێزی و زۆری ژمارەی هێزی داگیرکەرە، کەئەمەش دەبێتەهۆی شکستهێنان لەیەکەم شەڕکردندا و ڕاوەدوونانی هەتا بنکەی سەرەکی سوپاکەی خۆی، بەڵام ئەم بەربەست و شکستە نابێتەهۆی تەسلیمبوونی، بەژیری و دانایی خۆی کات بەدەستدەهێنێت، بۆئەوەی داوای سوپای پشتیوانی بکات و دووبارە هێزەکانی خۆی ڕێکدەخاتەوە.

جەو دما وەزیر وە بێ خەوف و بیم    پەرێ مەجرووحان تەعیین کەرد حەکیم
پەنا بەرد بە زات قەدیم موتڵەق    جە دەورەی ئۆردوو کێشا یەک خەندەق
جە پێش خەندەق هەم کێشان حەسار    قایم بین جە پای حەسار ئەفگار
جە تۆی قەلعەبەند ساکن بی لەشکەر    تا خورشید نە بورج مەشریق کێشا سەر
سەحەرگەهـ وەزیر دانای پڕ هونەر    یەک مەرد فەهیم تەڵەب کەرد وە بەر.
(ل٣٣٩).

هاوکات لەگەڵ ئەوەی کاتی پێویست بەدەستدەهێنێت بۆ پشوودان و ئامادەکاری، بریندارەکان چارەسەردەکات و خەندەق و تەکنیکی سەربازی بەکاردەهێنێت، هەروەها بەهۆی نامەکەیەوە، کاریگەری لەسەر پادشا دروستدەکات بۆ خێرا ناردنی هێزی پشتیوانی.

یاوا بە سوڵتان عەریزەی وەزیر    واناشان پەی شا عەرزەی پڕ تەئسیر
موخبەر بی سوڵتان جە حاڵ لەشکەر    مەدهۆش تەمام نە ڕووی تەخت زەڕ
دمای یەک ساعەت جە هۆش بی بێدار    تەڵەب کەرد دەردەم دەبیر ئەفکار.
(ل٣٤٣).

***    ***    ***

بفەرما جەم کەر سوپای بێ حیساب    ڕەوان کەر پەرێ وەزیر بە شیتاب.
(ل ٣٤٣).

٦- **تاقیکردنەوەکان، هاوکاران، نەیاران:** دوای تێپەڕبوون لەبەربەستی یەکەم، بەشێوەیەکی سروشتی پاڵەوانەکە، ڕووبەڕووی بەربەست و تاقیکردنەوەی نوێ دەبێتەوە، دۆست و دوژمنیش پەیدادەکات و فێری یاساکانی ژیانە نوێیەکەی دەبێت، مەیخانەکان و شوێنەکانی خراپەکاری، باشترین جێگەن بۆ ئەم جۆرە پەیوەندیيانە.(وگلر،١٣٩١: ٤٣). لەدنیای سۆفیدا، باشترین شوێنێک بۆ پەیداکردنی دۆست و هاوکار، برتییەلە مزگەوت و تەکییە و خانەقاکان، کەشوێنی پەرستش و مانەوەی ڕێبوارانە، پێش دروستبوونی ئەم شوێنانەش، ئەشکەوتەکان ئەم ڕۆڵەیان هەبوو، دوای شکستی ئیرادە لەڕووبەڕووبوونەوەی یەکەم و داوای هاوکاریکردنی لەپادشا، هەردوو بەرەکەی بۆدروستدەبێت، لەهێزی هاوکاران، بەفەرمانی پادشا سوپا لەهەرێمی ترەوە بەسەرکردایەتی عەشقی مەجازی دەبێتەهاوکار و یارمەتیدەری وەزیر، لەدوای ڕووبەڕووبوونەوەی دووبارەی سوپاکان و سەرکەوتنیان بەسەر ئەلخەناس، ئەلخەناسیش نامە دەنووسێت بۆ پادشای خۆیی و داوای هێزی هاوکاری لێدەکات، لێرەدا نەیارەکانیش زۆردەبن و خوتخوتە و ئیبلیس، دێنەمەیدانی بەرامبەر بۆشەڕکردن. (بۆ وردەکاری ئەو ڕوداوانە، بڕوانە: ل٣٤٦- ٣٦٢).

مەرج نییە، ڕۆڵی کاراکتەرێک، یان زیاتر، لەسەرەتای ڕووداوەکانەوە، هەتا کۆتایی چیرۆکەکە، بەنەگۆڕی بمێنێتەوە، بەڵکو (لەوانەیە ڕۆڵی کاراکتەرەکان، لەناو ڕووداوەکانی داستاندا گۆڕانکارییان تێدا ڕووبدات، بۆنموونە لە دوژمنەوە بگۆڕێن بۆ دۆست و پشتیوانی پاڵەوان)(دستجردی،١٣٩٤: ٦٤)، یان بەپێچەوانەوە، لەدۆستەوە بگۆڕێت بۆ دوژمن. لەفەزیلەتی بەنی ئادەمدا، عەشقی مەجازی لەسەرەتادا، نێرراوی دڵە و

ڕۆڵی هاوکاری ئیرادە دەبینێت و هێزی ئەهلەنناس تێکدەشکێنن، بەڵام دوای هاتنی ئیبلیس بۆ مەیدانی شەڕ و دانانی پلانێک بەناوی ئاشتەوایی و ڕێککەوتنەوە، عەشقی مەجازی وەک یەکێک لەباڵوێزەکان لەلای نەفسی لەوامە جێگیربوو، نەفسی لەوامەش بەسازکردنی ئاهەنگ و چێژ و خۆشی دنیایی، مەجازی هێنایە بەرەی خۆیی و لەیاری ئیرادە و ڕۆحەوە، ڕۆڵەکەی دەگۆڕێت بۆ نەیارو و دوژمن و لەشەڕی دواتردا لەسەرکردایەتی سوپای دوژمندا دەبێت، بۆداگیرکردنی هەرێمی شەریعەت و دانیشتن لەشوێنی ویژدان، لەسەر تەختی دەسەڵاتی هەرێمەکە.

عیشق مەجازی وە بێ خەوف و بیم　　نە تەخت شاهی دەردەم بی موقیم
وجووهـ بەلدە، زومرەی ئومەرا　　ئامان پەی تەبریک بە جلووس شا
بە پەرتاووس موزەییەن کەرد تاج　　ئاراستە کەرد بەزم نە پای تەخت عاج
وەیتەورەن قەرار "لایموت" حەی　　پەی هەر کەماڵێ زەواڵێ جە پەی
دەردەم ئەمرش کەرد شێرۆی شەرمەسار:　　ئەتراف سوڵتان زەمیر کەرد حەسار
یەمینش ئیبلیس، یەسار لەووامە　　عەلەم کەرد وەپا نە هەر هەنگامە
بەهەر تەرەفدا عیشق خودپەسەند　　شەرارەی شیددەت زوڵمش دا گەزەند.
(ل٣٨٥-٣٨٦).

**٧- هەوڵدان بۆ گەیشتن بە گرنگترین خاڵ:** لەکۆتاییدا، پاڵەوانەکە دەگات بەشوێنی ترسناک، کە ئەم شوێنە ناوەندی بەڕێوەبردنی دوژمنە، کاتێک پاڵەوانەکە دەچێتە ئەو ناوچە ترسناکەوە، ئەوە لە دووەم گرنگترین بەربەست تێپەڕیوە.(وگلر،١٣٩١: ٤٤). لەسەفەری ڕۆحی سۆفیدا، کاتێک ڕێبوار مەترسییەکان لەسەر بیروباوەڕەکەی کەمتردەبێتەوە و چێژی سەرکەوتن تامدەکات، کەبتوانێت عەشقی مەجازی تێپەڕێنێت و بگات بەپلەی عەشقی حەقیقی، ئیتر هیچ پێویستی و منەتێکی بەدنیای مادی و دەوروبەر نامێنێت و هەرکاتێک بیەوێت، دەتوانێت لەگەڵ مەعشوقی خۆیدا ڕازونیازبکات، بەڵام ئەگەر عەشقی مەجازی نەگۆڕێت بۆ حەقیقی، ئەوا دەچێتە بەرەی ئیبلیسەوە.

لەدەقەکەماندا، گرنگترین خاڵی یەکلای کەرەوە، ئەوەیە، کە سوپای سوڵتانی ڕۆح بەسەرکردایەتی وەزیر و عەقڵی کامڵ و عەشقی حەقیقی و فەرماندەیی عەشقی حەقیقی، دەتوانن سوپای دوژمن بەسەرکردایەتی نەفسی مولهەمە و فەرمانڕەوایی عەشقی مەجازی قەتڵ و عامبکەن و مولهەمە و چەند سەرکردەیەکیتر بکوژن و مەجازیش دەستگیربکەن و زیندانیبکەن. پاش ئەم سەرکەوتنە، گرنگترین بەربەستی بەردەمی سوپای ڕۆح نامێنێت و لەناوەندی دەسەڵاتی فەرمانڕەوایی دوژمن نزیکدەبنەوە و ئامادەکاری دەکرێت بۆ شەڕی کۆتایی و یەکلایکەرەوە.

دەست دان بە سەردار مەردان داوخواز　　شکست دان بە تیپ سوڵتان مەجاز
سوپای وەزیری سەردار خوونخار　　کەردشان تەعقیب بە قەتڵ و تەلار
کەردشان غارەت سوپای هەزیمە　　نە ئەسپ و ئێستر، جە فەرش و خەیمە
سوڵتان مەجاز هەم وێش بی ئەسیر　　بەند بی جە قوولاب سەرپەنجەی زنجیر
سەحیحەن حەدیس نەبی، بەرحەققەن　　دەرحەق بە هەرکەس "من دق دق"ن.
مەجاز مەحبووس کەرد سوڵتان زەمیر　　هاوێش مەحبووس بی نە حەڵقەی زەنجیر.
(ل٤١٤-٤١٥).

**٨- ئەزموونی گەورە، یان تاقیکردنەوەی قورس:** ڕێگەی سۆفی، پڕە لەتاقیکردنەوەی قورس و ئاڵۆز، کە توانا و ئیرادەیەکی بەهێزی ئەوێت بۆئەوەی بتوانێت ئەو بەربەستانەببڕێت، ئەو ئەزموون و تێپەڕاندنی قۆناغانەش، خۆیان لە مەقامەکانی تەسەووفدا دەبیننەوە، کە مەقامەکانیش بەپێی ئاڕاستەکانی تەسەوف و پیری تەریقەت، ژمارەیان جیاوازە و(حەوت، نۆ، چل، سەد، هەزار)ن. بۆ سۆفی هەر هێندە زەحمەتە، کە خۆڕاگربێت و دانبەخۆیدا بگرێت هەتا لەڕێگەی فەقر و فاق تێدەپەڕێت و دەگاتە ماڵی عیرفان، لەوێ ئارام دەگرێت و پاشان لەبیابانی فراوانی پڕ لەخەوف و ڕەجا، لەناو خێمەی تەسلیم و ڕەزا دادەنیشێت و چێژی حەقیقەت، یان دیداری ڕۆحی مەعشوق دەچێژێت، دواتر دەگاتە پلەیەک، کە بەهیچ دەستکەوتێک و خۆشییەکی دنیایی نایگۆڕێتەوە. ئەم سەفەرە ڕۆحییەی جیهانی سۆفی، بەشێوەی ڕەمز لە دەقەکەماندا ئاماژەی بۆکراوە و لەبەر تێگەیشتنی خوێنەر، لایەنە هەستییەکان و نادیارەکان، بەرجەستەکراون و لەشێوەی پاڵەوان و کەسایەتی مرۆڤدا نمایشکراون. شاعیر، کاتێک باسی هاتنی سوپای هاتنی سوپای(ویژدان، ئیرادە، عەشقی حەقیقی)دەکات، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی سوپای نەفسی ئەممارە، دەڵێت:

دوو سەردار سەخت، دوو سوپای پڕ زۆر　　کێشان ریازەت بیابان شۆر
تەی بی مەنازیل ڕای فەقر و فاقە　　تا بین جە مەنزڵ عیرفان ئیفاقە
نەگرتن ئارام سوپای یەکسەرە　　تا یاوان بە سەمت ئۆردووی کەفەرە
نە سەحرای وەسیع پڕ خەوف و ڕەجا　　شین نە تۆی خەیمەی تەسلیم و ڕەزا
قەراوڵ بەرشی نە هەردوو جیهات　　کەردن ئیستیحکام نوقتەی ئیحتیات.
(ل٤١٧-٤١٨).

لەئەزموونی گەورە و تاقیکردنەوەی قورسدا، (چارەنووسی پاڵەوان، بەشێوەی ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی گەورەترین مەترسی دەبێتەوە، لەگەڵ ئەگەری مردن ڕووبەڕوودەبێتەوە، لەڕووبەڕووبوونەوەی سەربازانی دوژمندا، لەمردن نزیکدەبێتەوە، ئەمە کاتێکی ناڕوون و قورس دەبێت بۆ خوێنەر، چونکە نازانێت پاڵەوانەکە زیندوودەمێنێتەوە، یان نا، بۆیە تووشی دوودڵی و وروژان دەبێت.)(وگلر،١٣٩١: ٤٥). لەفەزیلەتی بەنی ئادەمدا، نووسەر بەشێوەیەک باسی شەڕی یەکلاییکەرەوەی نێوان سوپای ڕۆح بە سەرکردایەتی (دڵ، ویژدان، ئیرادە، عەشقی حەقیقی، عەقڵی کامڵ)، دەکات بەرامبەر بە سوپای نەفسی ئەممارە، بەسەرکردایەتی خۆیی و فەرماندەیی ئیبلیس، کە خوێنەر، ئەگەر وەک چیرۆکێکی ئاسایی سەیری ڕووداوەکان بکات و شارەزای ڕێگەی تەریقەت نەبێت، نازانێت کێ سەرکەوتوودەبێت، وە لەهەموو بارودۆخێکیشدا، شەڕێکی یەکلاییکەرەوەیە و ئەنجامەکەی، بڕیاردەدات کە کێ براوەیە و کێ دۆڕاوە، یان کێ دەگات بەئامانج و کێ مایەپووچ دەبێت.

جۆش ئاوەرد نە دڵ ئەممارەی لەعین　　ئەمرش جاری کەرد بە سوپای پڕ کین
ئەمرش کەرد بە قەلب مەیمەنە و یەسار　　کەردشان هوجووم سوپا بە یەک بار
بە قووە هوجووم سوپای کوفر و کین　　سەردار کەردن دوور جە قورب لەعین
خێزا جە زەمین زەلزەلەی نشوور　　خورشید جە سایەی جەناح بی مەستوور
وەزیر کامیل قاو کەرد بە سوپا　　ئاوەردن بیرش پەرێ ڕەزمگا
سوپای تەرەفەین کێشان بەیداخان　　خێزا هەیاهەی نامەی قۆچاخان
ئاتەش دان بە تیپ تۆپ قومپاران　　سەرڕێزا چون بەرگ خەزان جە داران

جه ئەبر حەربە خوون وێنەی مەتەر    گوڵگوون کەرد سەفحەی سەحرا و دەشت و دەر

چەند سەردار سەرگوم عەرسەی خەتەر بی    مەواتی هەرگیز جه مادەر نەبی

جەنگی جەوانان نە پەی نەنگ ونام    قەدقەد بین بە سەف ئەجەل جه ناکام

چەند تەهەمتەنان مەیووس بین جه سەر    چەند سەروەر بەری جه تاج و ئەفسەر

ئەسپان بێ ساحێب، مەردان بێ فەرەس    چون ڕۆی قیامەت کەس نەبی بە کەس

سەر وتەن هەر یەن کەفت نە ڕووی سەحرا    نمەند ڕای فەرەس کەرۆ گوزارا

ئەلحاسڵ ئەو ڕۆژ تا قورب غورووب    حەربە نە کار بی بە جەنگ مەغلووب.

(ل٤٢٨-٤٢٩).

**٩- پاداشتکردن(دیاری و خەڵات):** سۆفی لەو ڕێگەیەی ئەیبڕێت، هیچ چاوی لەدەستکەوت و خەڵاتی دنیایی نییە، تەنانەت وەک بڕواداری ئاسایی و ئەهلی شەریعەت، بۆ بەهەشتی نەبڕاوە و نازونیعمەت و خۆشییەکانی نییە، بەڵکو بۆڕەزامەندی وخودا و گەیشتن بەدیداری خودایە، چونکە لەدوای بڕینی پلەکانی تەقوا و قەناعەت و ڕەزا... هەرلەدنیادا، دەگات بەئارامی دەروونی و بەشێکیان، دوای تەواوکردنی هەموو پلەکان، دەگەن بەدیداری ڕۆحی مەعشوق، کە بەنرخترین پاداش و دەستکەوتی سەفەرەکەیانە، چونکە لەو ئاستەدا بەبێ پەردە و هەرکاتێک بیانەوێت، دەتوانن ڕاستەوخۆ لەگەڵ مەعشوقدا ڕازونیازی خۆیان باسبکەن.

لەدنیای گێڕانەوەکاندا، پادشاکان و پاڵەوانەکان، دوای ڕزگاربوون لەمردن و سەرکەوتن بەسەر دوژمندا، هۆکاریکیان دەستدەکەوێت بۆ ئاهەنگگێڕان و خۆشی دەربڕین، لێرەدا پاداشتی خۆیان وەردەگرن، کە لەوانەیە پاداشتەکەیان، شمشێر و کەرەستەی جەنگی بەنرخ بێت، یان هێمایەکی شانازیکردن و پیرۆز بێت، یان (خشڵ و جوانکاری و کەرەستەی بەنرخ). هەروەها ئەگەری ئەوەش هەیە، کەلەوانەیە پاڵەوانەکە، لەگەڵ دوژمنەکەیدا ڕێکبکەوێت و بەئاشتی ئامانجەکەی بەدەست بهێنێت.(وگلر،١٣٩١: ٤٦). لەفەزیلەتی بەنی ئادەم، دوای هەموو سەرکەوتنەکان، لەهەردوو بەرەی سوپاکە، ئەم پاداشتکردن و ئاهەنگ سازکردنە هەیە، بەڵام لەدوای شەڕی یەکلایکەرەوەی سوپاکان، کاتێک سوپای ڕۆح، بەسەرکردایەتی(ئیرادە، ویژدان، دڵ، عەشقی حەقیقی، عەقڵی کامڵ)، سەردەکەون بەسەر سوپای نەفسی ئەممارە و بەشێکی زۆری سەرکردەکانیان دەکوژن و ئاسۆی سەرکەوتنی تەواوەتی دەرکەوتووە، کاتێک دڵی پادشا هەواڵەکە دەنێرێت بۆ سوڵتانی ڕۆح، ئەویش ئاهەنگ سازدەکات:

سوڵتان جه شادی خوڕڕەم کەرد خەیاڵ    کەردش سوجدەی شوکر زات بێ زەوال

هەم ئەدا کەرد شوکر بە حەمد و سەنا    هەم ئەسباب بەزم کەردش موهەییا

هەم پەی هەر ئیقلیم بەخشا بەشارەت    بە سەدەقەی نەزر هەم کەرد ئیشارەت

هەم خێزا نە بەزم زەمزەمەی تەقوا    هەم موزەییەن کەرد خەدەمەی دەرگا.

(ل٤٤١).

لەدوای سازکردنی ئاهەنگ و بەخشینەوەی خێروخێرات و مژدەی سەرکەوتن، سوڵتان لەگەڵ نامەی ستایشدا، دیاری بەنرخ دەنێرێت بۆ سەرکردەکانی سوپا:

پەی سوڵتان دڵ یەک تاج جه زەڕ    کەمەربەند لەعل و خەرقەی موجەوهەر

چەنی یەک خەیمەی تەناف بافتەی زەڕ    چەنی چەند قوتووی شەمامەی عەنبەر

جودا بی پەرێ سوڵتان زەمیر    باقیی دلێران جه پارچەی فاخیر

پەرێ سەرداران زومرەی نەهەنگان    جه گەنج و گەوهەر مەسنەد و فەرمان

بار کەردن یەکسەر خەلعەتهای فاخیز    ڕەوان بی چەنیش ئەعیان و وەزیر

نەگرتش ئارام وزیر نە هەرجا    تا وێش یاونا بە قورب سوپا

بە شاهـ زەمیر یاوا ئاگاهی    وارید بی خەلعەت فەرمان شاهی.

(ل٤٤٢-٤٤٣).

**١٠- گەڕانەوە(ڕێگەی گەڕانەوە):** ئەمە قۆناغی بڕیاردانە بۆ گەڕانەوە، گەڕانەوە بۆ دنیا و ژیانی ئاسایی، پاڵەوانەکە لەوە تێدەگات، کە لەکۆتاییدا پێویستە دنیای تایبەت، بەجێبهێڵێت و هێشتا ترس و دڵەڕاوکێ و تاقیکردنەوەی تری لەپێش ماوە.(وگلر،١٣٩١: ٤٧). دوای سەرکەوتن بەسەر سوپای نەفسدا، سوپای سەرکردەکانی ڕۆح، ئامادەکاری دەکەن بۆ گەڕانەوەیان، بۆهەرێمەکانی خۆیان، بەڵام هێشتا سێ هەرێمی ژێردەسەڵاتی دوژمن ماوە ڕزگاربکرێت، هەتا دڵنیابنەوە لەنەمانی مەترسییەکان ناگەڕێنەوە بۆ شوێنەکانی خۆیان، بۆیە سوپایەک بەسەرکردایەتی یەقین دەنێرن بۆ گرتنی سێ هەرێمەکە، یەقین لەماوەیەکی کەمدا، بەسەرکەوتوویی کارەکەی ئەنجامدەدات و نامەی سەرکەوتن دەنێرێتەوە بۆ پادشا دڵ.

سوڵتان یەقین ئەمرش کەرد ئێزهار    شەهر ئەمەلش سۆچنا بە نار

ئەلخەنناس شووم، ئیبلیس مەردوود    هەردوو مەنفی بین جه موڵک وجوود

سوڵتان یەقین بە زەرب شەمشیر    هەرسێ ئیقلیمش ئاوەرد بە تەسخیر

نەمەند جه زەمیر زەلزەلەی غرێو    نە هەر هەشت ئیقلیم گوم بی نەڕەدێو

وەزیر بی موقیم جه موڵک هەفتەم    بەوەعز و تەدریس مەشغووڵ بی هەردەم

نە موڵک هەشتەم سەردار سەخا    موقەڕڕ بی نە تەخت، عەلەم کەرد وەپا

نە موڵک شەشەم سوڵتان یەقین    کەردش بە مەرکەز ڕیازەت زەمین.

(ل٤٤٩-٤٥٠).

**١١- ژیانی نوێ. پاڵەوانە، پێش ئەوەی بگەڕێتەوە دنیایی ئاسایی، پێویستە تەزکیەی خۆی بکات و ئەو گۆڕانکاریە لەکەسایەتی و ڕەفتارەکانیدا ڕەنگبداتەوە.(وگلر،١٣٩٠:** ٢٦٣). سۆفی کاتێک دەگات بە دواپلەکانی خوداپەرستی و مەقامەکانی کۆتایی تەریقەت، لەشەڕی شەیتان و نەفسی ڕزگاربووە و گەیشتووەتە پلەی دڵنیایی، باکی بە دنیا و هەموو خۆشی و دەستکەوتەکانی دنیاش نییە و خۆی بۆ خودا و قیامەت یەکلاییکردووەتەوە. لە چیرۆکەکەشماندا، دوای سەرکەوتن و نەمانی ترسی ئیبلیس و نەفس، یاسادنیاییەکان، لادەبرێن و ژیانێکی نوێی ڕۆحی بەپێی بنەماکانی ئاینی ئاسمانی موحەممەد(درودی خودای لەسەربێت)، لەهەر هەشت هەرێمەکە دەستپێدەکات:

نیشت نە تەخت زەڕ، سازا بەزمگا    پەی سوڵتان دڵ عەرزەش کەرد ئینشا

زەبت سێ ئیقلیم و شکست عەدوو    ڕەواج ئەحکام ئەحمەدی هەرسوو

هەم نەسخ قانوون، مەعموورەی ئەملاک پاک    هەم جیهان جه شەڕ دێو لەعین

یەک یەک جه عەرزەی تەحریر کەرد ئەدا    چاپار ستانا ڕەوان بی نە ڕا

نە بەڕۆ ئارام، نە شەو کەردش خەو    مەنزڵان بڕی بە دەوان دەو

سوجده بەرد بە شاهـ نامەش کەرد تەقدیم    سپەردش سوڵتان نامە بە نەدیم
نامەی سەروەمۆر نەدیم کەرد گوشاد    کەردش قیرائەت، سوڵتان بی دڵشاد
خەیلێ بەسوڵتان یەقین کەرد تەحسین    بەو فەڕ و ئیقباڵ کولاهـ و نگین
سوڵتان نە جەواب تەحریر کەرد فەرمان    چەنی هەدیەی نەو پەرێش کەرد ڕەوان.
(ل٤٥٠-٤٥١).

١٢- **گەڕانەوە لەگەڵ دەستکەوت(ئامانج)ەکەدا:** پاڵەوانەکە دەگەڕێتەوە دنیای ئاسایی، بەڵام گەشتەکەی بێ واتایە، ئەگەر لەگەڵ خۆی دەستکەوت، یان پەند و وانەیەکی گرنگی لەژیانە تایبەتەکەی، لەگەڵ خۆیدا نەهێنابێتەوە، کە دەشێت دەستکەوتەکەی، پیرۆزییەک بێت و بەشێوەیەکی جادووی کاولکاری و خراپەکانی سەرزەوی پێچارەسەر بکرێت، یان زانست و ئەزموونێک بێت و سودی بۆ کۆمەڵگا هەبێت.(وگلر،١٣٩١: ٤٨).گەورەترین دەستکەوتی عارف، گەیشتنییەتی بەمەعشوقی حەقیقی خۆیی و بێ پەردە ڕازونیازگۆڕینەوەیە لەگەڵیدا، ئەمەش کاتێک بەدیدێت، کە عارف، پشتبکاتە دنیا. "پشتکردنە هەردوو دنیا، ئەویندارێک ئەوینەکەی خۆش ناوێت بۆئەوەی ماڵی خۆش و جوانی بۆبکڕێت، ئەوە ئارەزووە و بەرژەوەندییە، ئەویندارێک ئەوینەکەی خۆشدەوێت، چونکە شایستەی خۆشەویستییە، چونکە خۆراکی ئەو دیدار و نزیکییە و ئاسوودەیی ئەو لەهاونشینیدایە"(کەسنەزانی و بەرزنجی،٢٠٢٣: ١٤).

ئامانجە بەدیهاتووەکانی ڕۆح لە سەرکەوتن بەسەر نەفسدا، لەگەڵ بەسەلامەتی گەڕانەوەی سەرکردەکان، بریتیبوون لە:

- دەستبەسەرداگرتنی هەر هەشت هەرێمەکە و پاککردنەوەیان لەشەڕی نەفس و سەربازەکانی، هەروەها لەشوێنی فەرمانڕەواکانی نەفس، لەهەرسێ هەرێمەکەیتر، فەرمانبەر و نوێنەری خۆیی کردە فەرمانڕەوا.

- سێ هەرێمە گیراوەکە، بەم شێوەیە فەرمانڕەواییان بۆ دیاریکرا: یەقین سوڵتانی هەرێمی شەشەم، سەرۆک وەزیرانەکەی نەفسی کامڵ، تەوازوع سکرتێر و ئیخلاس ڕاوێژکار. زانست پادشای هەرێمی حەوتەم، ئامۆژگاری یارمەتیدەری. سەخاوەت پادشای هەرێمی هەشتەم، لێزانی و ئازایەتی هاوکاری.

- دوای نەمانی مەترسی نەفسی خراپەکار و ئیبلیس و ئەلخەناس، بنەماکانی ئاین، بەئازادی لەهەرێمەکاندا بڵاوکرانەوە.

ئەلخەنناس شووم، ئیبلیس مەردوود    هەردوو مەنفی بین جە موڵک وجوود
سوڵتان یەقین بە زەرب شەمشێر    هەرسێ ئیقلیمش ئاوەرد بە تەسخیر
نەمەند جە زەمیر زەلزەلەی غرێو    نە هەر هەشت ئیقلیم گوم بی نەڕەدێو
وەزیر بی موقیم جە موڵک هەفتەم    بە وەعز و تەدریس مەشغووڵ بی هەردەم
نە موڵک هەشتەم سەردار سەخا    موقەڕڕ بی نە تەخت، عەلەم کەرد وەپا
نە موڵک شەشەم سوڵتان یەقین    کەردش بە مەرکەز ڕیازەت زەمین.
(ل٤٤٩-٤٥٠).

## بەشی سێیەم:
## کەسایەتییەکانی فەزیلەتی بەنی ئادەم لەسەر بنەمای نمونەکەی ڤۆگلەر

کریستۆفەر ڤۆگلەر، لەدیاریکردنی کەسایەتی ناو گێڕانەوەکاندا، چەندجۆرێک ئارکیتایپ، باسدەکات، کە لەناو هەموو چیرۆکەکاندا ڕۆڵیان هەیە، ئەوانەش بریتیین لە: (پاڵەوان، مامۆستا/پیر، پاسەوان، نێرراو/ هەواڵدەر، کەسایەتی گۆڕاو، سایە، یارمەتیدەر/هاوکار، فێڵباز)(میزایی و قارونی،١٣٩٨: ٦٠). ئەم کەسایەتییانە، لەفەزیلەتی بەنی ئادەمدا، بەم شێوەیەن:

١- **پاڵەوان(hero):** لەبنەڕەتدا وشەیەکی یۆنانییە و بەواتای پارێزگاریکردن و خزمەتکردن دێت، پاڵەوان، کەسێکە، ئامادەیە خۆی و ئامانجەکانی بکاتە قوربانی لەپێناو کەسانیتردا، بەنمونە. شوانێک بۆ بەرگریکردن لەڕانەکەی، ژیانی خۆی دەخاتە مەترسییەوە.(وگلر،١٣٩١: ٥٩). پێویستە پاڵەوان خەمێک و ئامانجێکی گشتی هەبێت و پاڵەوان کەسایەتییەکی ناوازەی هەبێت، نابێت، بوونەوەرێکی کۆنەپەرست، یان خواوەندێکی کامڵ و بێ کەموکوڕی بێت، هەروەها هەست و پاڵنەرێکی هەبێت، کەهەموو مرۆڤەکان بەجۆرێک لەجۆرەکان ئەزموونیانکردبێت و هەستی پێبکەن: تۆڵەکردنەوە، توڕەیی، شەهوەت، کێبڕکێ، نیشتمانپەروەری، ڕەشبینی، ئومێد،...(هەمان:٦٠).

لە سەرەتای گەشتی ڕێبواری ڕێگەی تەریقەتەوە، هەتا گەیشتن بەئامانج، پاڵەوانی سەرەکی ئیرادەی سۆفییە، کەخۆیدەگرێت لەبەرامبەر نارەحەتی و ناخۆشییەکانی ژیان و وەلانانی تەماح و خۆشی و پێشنیارەکانی نەفس، هەرچەندە دژایەتی سەرەکی لەنێوان ڕۆح و نەفسدایە، بەڵام ئەوەی بەکرداری لەمەیدانەکەدایە و لەسەرەتاوە هەتا کۆتایی شەڕی دەستەویەخە لەگەڵ هاوکارەکان و نوێنەرەکانی نەفسی خراپەکار دەکات، ئیرادەی مرۆڤەکانە. بۆیە لە فەزیلەتی بەنی ئادەم، سەرەتای هێرشی سوپای نەفس بەسەرکردایەتی ئەلخەنناس، بۆ گرتنی هەرێمی پێنجەمە، کەئیرادە فەرمانڕەواییدەکات، چونکە بەتەسلیمبوونی ئیرادە، ئیتر هەموو هەنگاوەکانیدواتر ئاساندەبێت، بەڵام ئەگەر ئیرادە بەرهەڵەستی بکات و کاردانەوەی توندی هەبێت، ئەوا کارەکانی دواتر سەختدەبێت و شەڕێکی قورس ڕوودەدات، لەپێناو سەرکەوتندا، بۆیە لەگەڵ هەموو ڕووداوەکان و هاتنەناوەوەی کەسایەتییەکانیتر، بەڵام لەسەرەتای ڕووداوەکان و شەڕەکەوە، هەتا کۆتاییهاتن و سەرکەوتن، ئیرادە، یەکێکە لەجەنگاوەران و فەرماندەکانی دژ بەنەفس. لەبارەی هەرێمی پێنجەمەوە، فەقێ قادر دەڵێت:

مەعمموورەش جە زەرع دارۆ شەهادەت    مەشهوورەن ئەو موڵک بە عورف وعادەت
یەک شەهر جەسیم عالی مەهارەت    مەشهوور عامەن شەهر جەسارەت
قەسد حەرەکە و جەسەد و بەسەر    سەمع و سەوت و نوتق هەم نەفع و زەرەر
شەهر و قەسەبەن جەو موڵک پەنجەم    بەو شەهر عەزیم مولحەقەن هەردەم
ئیرادە جەو موڵک پەنجەم سوڵتانەن    نە تۆی جەسارەت تەختش عەیانەن.
(ل٣٠٧).

٢- **ڕێنمایکەر/ پیر/مامۆستا:** کەسایەتییەکی ئەرێنین، کە هاوکاری پاڵەوانەکە دەکەن، یان ڕێنماییدەکەن، لەڕێگەی دانایی و ئەزموونەکانییەوە، پارێزگاری لەپاڵەوانەکە دەکات و لەکاتی پێویستدا، دەردەکەوێت و پەیام دەدات بەپاڵەوان، یان ستایش و پاداشتی دەکات، جا دەکرێت کەسایەتییەکی بەئەزموون بێت، یان ڕێبەرێک، یان خودا.(وگلر،١٣٩١: ٧١). لەگەشتکردنی سۆفی بەرێگای تەریقەتدا، یەکێک لەمەرجەکان ئەوەیە، کە ڕێبوار مورشیدێک بۆ خۆی دیاریبکات و گوێڕایەڵی ڕێنمایی و فەرمانەکانی بکات، ئەم پیر، یان مورشیدە مەرجی تایبەتی خۆیی هەیە(کە لەشوێنی خۆیدا باسی مەرجەکانمانکردووە) و هەموو کەس ناتوانێت ئەو ڕۆڵەببینێت. ئەمە بەواتای ئەوەیە، کە "لەم ڕێگەیەدا پێویستە هەموو پاڵەوانێک، پیری خۆی هەبێت، سۆفی بێت، ئەویندارێت، بێباوەڕ یان سەر بەهەر بیر و ئاین و ئایینزایەک بێت، پیرێکی هەیە بۆ ڕێنماییکردن، دەشێت پیرەکە خەیاڵی و ئەفسووناوی بێت، یان ڕاستەقینە و دەستگیری تەواو"(کەسنەزانی،٢٠٢١: ١١٥).

لەفەزیلەتی بەنی ئادەمدا، ڕۆح، ڕۆڵی پیر و ئامۆژگاریکەر دەبینێت و هەموو هەواڵەکان و پرس و ڕاکان دەچنەوە بۆلای ئەو، ڕۆح سەنتەرێکە و پادشای هەرێمەکانیتر هەمووی بەدەوری ئەو سەنتەرەدا دەخولێنەوە، چونکە ڕۆح لەدنیای تەسەووفدا سنوری نییە و دەگات بەو شتانەی، کە بەژیری و زانست ناتوانرێت درک بکرێن، یان بسەلمێنرێن، ئەمەش بۆ سەرچاوە و سروشتی ڕۆح دەگەڕێتەوە، کە لەبنەڕەتدا، بەشێکە لەسیفات، یان تایبەتمەندی خودایی و خودای گەورە لەبەر ڕێز و گەورەیی مرۆڤ، لە ڕۆحی خۆی کردووە بەجەستەی مرۆڤدا، ﴿وَإِذْ قَالَ رَبُّكَ لِلْمَلَائِكَةِ إِنِّي خَالِقٌ بَشَرًا مِّن صَلْصَالٍ مِّنْ حَمَإٍ مَّسْنُونٍ (*) فَإِذَا سَوَّيْتُهُ وَنَفَخْتُ فِيهِ مِن رُّوحِي فَقَعُوا لَهُ سَاجِدِينَ﴾(الحجر: ٢٨-٣٠).

ڕۆح پادشای هەرێمی یەکەمە و خاوەن دەسەڵات و سنورێکی فراوانە، بۆیە فەقێ قادر لەباسی هەرێمی ڕۆحدا دەڵێت:

نیشتەن نە ڕووی تەخت جەمشید جەمجا     خەرقەی ریازەت پۆشان وە باڵا
چون مەهـ سەر کێشان بە ئەوج شاهی     زێوەر کەردەن تاج زەڕڕین کوڵاهی
تەلغراف فیکر بەستەن پەی باڵا     تەحریر عەرزش پەی عەرش ئەعلا
نەهەر هەشت ئیقلیم ئەو شەهەنشاهەن     وە هەر مەرز و بووم جیهان ڕەواهەن
تا نە تەخت جیسم تاجش عەیانەن     ئیقلیم وجوود گشت پاسـەبانەن
باقیی تاجداران ئیقلیم وجوود مەقسوود     گشت جە فەیز ئەو یاوان بە
مەستوور عامەن، پەیدا و پەنهانەن     میعمار کۆنەدەی هـەردوو جیهانەن
جاویدانیـــیەن جە موڵـــک بەقا     بەند تەقدیرەن ئامانـت نەی جا.
(ل٢٧٤-٢٧٥).

**٣-پاسەوان:** لەچیرۆکە ئەفسانەییەکان، یان مێژوویی و ئاساییەکان، دەکرێت، هۆکاری زۆر بین بەرێگر لەبەردەم گەیشتن بەئامانجی پاڵەوانەکەدا، بۆنمونە، سەختی ڕێگاکە، کەشوهەوای خراپ، بێبەختی، دیاردەی سروشتی،... ، بەڵام لەچیرۆکی ڕۆحی، یان تەسەووفی، کاتێک کەسێک بڕیاردەدات، ببێت بەڕێبواری ڕێگەی تەریقەت و شەڕی نەفسی خۆیی بکات، چەندین بەربەستی وەک: برسێتی و تینوییەتی، سەرکوتکردنی حەزوئارەزووەکان و شەهوەت، هەژاری، خەڵوەتنشینی، ئەنجامدانی ڕێکارەسەختەکانی کەمخەویی و پەرستشی قورس،...دێنەبەردەمی و هەوڵدەدەن لەڕاستەرێگەکە لایبدەن و نەهێڵن بگات بەئامانجی کۆتایی، ئەمانە بەردەوام وەک پاسەوانێک بەرگری لەنەفسدەکەن و بەربەست لەبەردەم ئیرادەی سۆفیدا دروستدەکەن.

٤- **هەواڵدەر:** کەسێکە، کەزانیارییەکان دەگەیەنێت بەپاڵەوانەکە، ئەو زانیارییانەی دەبنەهۆی دەستپێکی سەفەری پاڵەوان، یان ئامادەکاری بۆڕووبەڕووبوونەوەی دوژمن، مەرج نییە هەمووجارێک هەواڵدەرەکە ناسراوبێت، یان ناوی هاتبێت، یان دەکرێت هەواڵدەرەکە نێرراوێک بێت و لەلایەن کەسێکیترەوە ڕەوانەکرا بێت بۆئەوەی زانیارییەکان بگەیەنێت بەشوێنی مەبەست. لەفەزیلەتی بەنی ئادەمدا، بارودۆخی ناو چیرۆکەکە و ژیانی سۆفی، ئاساییە، هەتاکاتێک هەواڵدەرەکان، هەواڵی هاتنی سوپای ئەلخەناس دەدەن بەوەزیر، ئاگاداریدەکەنەوە لەوەی، کە ئەلخەناس بەسوپایەکی زۆر و لەژمارەنەهاتووەوە، هاتووە بۆ داگیرکردنی هەرێمی پێنجەم، ئەمە دەبێت بەسەرەتایەک بۆ ئامادەکاری ڕووبەڕووبوونەوەی سوپای هەردوو لا، لەدوای ئەم یەکەمین هەواڵدانە، چەندین جار گەیاندنی هەواڵ و زانیاری لەداستانەکەدا دەبینرێت، کە وەزیریش هەواڵی هاتنی ئەلخەناس دەگەیەنێت بەپادشا، لەقۆناغێکیتردا، دڵ لەرێگەی نێرراوەوە، هەواڵ دەدات بەڕۆح لەبارەی بەرەوپێشچوون و ڕووداوەکانی نێوان سوپاکان، لەسوپای بەرامبەریش ئەم هەواڵ و زانیاریی گەیاندنە هەیە، بەپێی قۆناغەکانی بەرەوپێشچوونی ململانێکان و ڕووداوەنوێیەکانی شەڕی نێوان سوپاکانەوە.

جاسووسان خەبەر بەردن پەی وەزیر     سەر دان جە سەرحەد سوپای بێ نەزیر
ئەلخەنناس ئیسم سەردار سوپا     ساحیب تەخت و تاج نگین و کوڵا
خەیمەشان یەکسەر دیز و دەیجورەن     باڵ بەیداغش عەقرەب دەستوورەن
ئەلخەنناس فرزەند ئیبلیس شوومەن     سەردار سوپای نەفس زەلوومەن
وەزیر چون شنەفت نە جاسووس خەبەر     ئاما نە لەرزە ئەعزاش سەراسەر
دەردەم نویسا پەی سوڵتان ڕوقعە     ئاوەرد بە قەڵەم یەکسەر واقیعە.
(ل٣٢٤).

**٥- کەسایەتی گۆڕاو:** هەر لەناوەکەیەوە دەردەکەوێت، کە ئەم جۆرە کەسایەتییانە، لەناو چیرۆک و داستانەکاندا، بەیەک هەڵوێستی جیگیر نامێننەوە، هەتاکۆتایی، بەڵکو بەهۆی بارودۆخێکی تایبەتی، یان بەرژەوەندی و تەماحەوە، لەقۆناغێکی دیاریکراوی چیرۆکەکەوە، ڕۆڵەکەیان دەگۆڕێت، لەیارەوە بۆ نەیار، یان بەپێچەوانەوە. لەگێڕانەوەکەماندا، ئەوەی ئەم ڕۆڵەی پێدراوە، عەشقی مەجازییە، کەلەسەرەتای ڕووبەڕووبوونەوەکاندا، کاتێک لەیەکەم شەڕدا سوپای ئیرادە بەرامبەر سوپای ئەلخەناس، شکستدەهێنێت، عشقی ماجازی، بەفەرمانی سوڵتانی دڵ، یەکێکە لەفەرماندەکانی سوپاو هاوکاری ئیرادەی وەزیردەکات و سوپای ئەلخەناس دەشکێنێت:

جەو تەرەف سوپای وەزیر مەجاز     شلیک دان بە تۆپ نێزەی دوور ئەنداز
جە شەرارەی نار گولوولەی تەوحید     داخان بێ سوپای سەردار عەنید
سەردار مەجاز وەزیر دلێر     بەردشان پێرش هەردوو نەڕە شێر
کەردن قەتڵ و عام سوپای بەد ئەساس     شکیا، شکست وەرد سوپای ئەلخەنناس
کەدن قەتڵ و قڕ سوپای کینەخواهـ     شکستەن بەردەن تا بە ئۆردووگاە.
(ل٣٥١-٣٥٢).

عەشقی مەجازی لەو سەرەتایەوە، دژی سوپای ئەلخەناس، شەڕدەکات، بەڵام دوای ئاگربەست و ڕێککەوتنی سوپای هەردوولا و دیاریکردنی وەک یەکێک لە باڵویزەکان، لەمولکی نەفسی خراپەکاردا مایەوە و چێژ و خۆشییەکانی دنیای تامکرد، هەڵوێستی خۆی گۆڕی و زۆر بەئاسانی لەپێناو دەستکەوت و چێژ و خۆشی دنیایی، سەنگەر دەگۆڕێت و دەچێتەڕیزی سوپای دوژمن و سەرکردایەتی سوپای دوژمن دەکات، بۆ داگیرکردنی هەرێمی شەرع و دانیشتن لەسەرتەختی ویژدان، وە دواتریش بەردەوامەدەبێت لەشەڕکردن لەگەڵ، سەرکردەکانی بەرەی چاکەکاری(ئیرادە، عەشقی حەقیقی، عەقڵی کامڵ، ویژدان).

عیشق مەجازی وە بێ خەوف و بیم     نە تەخت شاهی دەردەم بی موقیم
وجووهـ بەلدە، زومرەی ئومەرا     ئامان پەی تەبریک بە جلووس شا
بە پەرتاووس موزەییەن کەرد تاج     ئاراستە کەرد بەزم نە پای تەخت عاج
وەیتەورەن قەرار "لایموت" حەی     پەی هەر کەماڵێ زەواڵێ جە پەی
دەردەم ئەمرش کەرد شێرۆی شەرمەسار     ئەتراف سوڵتان زەمیر کەرد حەسار
یەمینش ئیبلیس، یەسار لەووامە     عەلەم کەرد وەپا نە هەر هەنگامە
بەهەر تەرەفدا عیشق خودپەسەند     شەرارەی شیددەت زوڵمش دا گەزەند.

(ل٣٨٥-٣٨٦).

٦- **دژ- دوژمن- ڕکابەر(سایە):** یەکێکە لەبەهێزترین ئارکیتایپە دەروونییەکان، کەنوێنەری لایەنی ئاژەڵی مرۆڤە و کۆگای حەز و غەریزەکانییەتی و هەموو سیفەت و تایبەتمەندییە خراپ و دزێوەکانی مرۆڤ دەگرێتەوە(کهن شهری و چروده،١٤٠٢: ١٠). بەپێی جۆری چیرۆکەکە، ئەرکی ئەم جۆرە ئارکیتایپە دەگۆڕێت، واتە مەرج نییە لەهەموو چیرۆکێکدا، دوژمن بێت و هەوڵی لەناوبردنی پاڵەوانەکە بدات، لەوانەیە ڕکابەرێک بێت و بیەوێت سەرکەوێت بەسەر پاڵەوانەکەدا و لێی بباتەوە، یان کارکردن و بیرکردنەوەی پێچەوانەی پاڵەوانی چیرۆکەکەبێت، بەکورتی دەتوانین بڵێین ئەم جۆرە ئارکیتایپە، (ئەوکەسانەن، کە لەچیرۆکەکاندا، ڕۆڵی تاوانبار، یان کەسایەتی خراپی چیرۆکەکە، یان ڕکابەر و دوژمنی پاڵەوان دەبینن)(وگلر،١٣٩١: ٩٩).

لەڕووی ئاینییەوە، چەندین ئارکیتایپ هەیە، کەدژی بیروباوەڕ و کردەوەی چاکی مرۆڤی باوەڕدارن و بەردەوام لەهەوڵ و پلانداناندان بۆئەوەی لەڕێگەی ڕاست لایبدەن، ئەوانەی بەشێوەی ڕاستەخۆ لەقورئانی پیرۆزدا، وەک دوژمنی باوەڕدار ئاماژەیان بۆکراوە، بریتین لە:

ا- شەیتان: لەقورئانی پیرۆزدا، چەندین ئایەت، ئاگاداری بەمرۆڤ دەدات، لەبارەی دوژمنایەتی شەیتان و هەوڵەبەردەوامەکانی بۆئەوەی لەڕێگەی ڕاست لایان بدەن. (فاطر:٦، البقرة:١٦٨-١٦٩، ٢٠٨).

ب- بێباوەڕان(کافر): کەسانی بێباوەڕ بەبیرکردنەوە و فیکرێت، یان بەکرداری و ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ، بەردەوام دژ و ناکۆکبوون، لەگەڵ مرۆڤی باوەڕدار، لەسەرەتای هاتنی ئاینی پیرۆزی ئیسلامەوە، بەشەڕوو ڕووبەڕووبوونەوە دژی موسوڵمانان جەنگاون، بەڵام بەپێی قۆناغەکانی مێژوو، ململانێکان و ڕکابەری و دژایەتیی، تایپی جۆراوجۆری بەخۆیەوە بینیوە. خودای گەورە لەبارەی کافرەکانەوە دەفەرموێت:"بەڕاستی کافرەکان دوژمنێکی ئاشکرای ئێوەن"(النساء: ١٠١)

پ- هاوڵدانەران: لەبارەی موشرکینەوە، خودای گەورە دەفەرمووێت، لەو کەسانەن کەزۆر بەتووندی دوژمنایەتیتان دەکەن. (توندترین سەرسەختترین خەڵکانێک لەدوژمنایەتیکردنی باوەڕداراندا، جولەکەکان و هاوەڵدانەرانە...)(المائدة: ٨٢).

ت- ماڵومناڵی خراپ: هاوسەر و مناڵی خراپ و بێباوەڕ، یان ئەوانەی کە مرۆڤ سەرقاڵبکەن و وایلێبکەن یاد و پەرستشی خودای لەبیربەنەوە، لەڕاستیدا دوژمنی بیروباوەڕی ئیماندارن. (ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، هەندێک لە هاوسەران و مناڵەکان، دوژمنتانن...)(التغابن: ١٤).

ج- نەفس: نەفسی مرۆڤ بەردەوام بەهۆی تەماحی بۆتێرکردنی حەزوئارەزووەکان و ویستەکانی، مرۆڤ هاندەدەن بۆشکاندنی سنورەکان و دەستکەوتنی چێژەکان، مرۆڤی باوەڕدار، ئیمانەکەی ڕێگرە لەبەردەم جێبەجێکردنی داواکارییە بێکۆتاکانی نەفسی، بۆیە بەردەوام نەفس و ئیمان لەدژایەتی و ڕکابەری یەکتردان، یەکەمیان چارەنووسی مرۆڤ دەبات بۆ ئاگری دۆزەخ، دووەمیشیان بەهەشتی پڕ نازونیعمەت، چاوەڕێیەتی.(بەڕاستی نەفس زۆر فەرمانی خراپە و تاوان دەدات...)(یوسف: ٥٣).

هەندێک شتیتریش وەک دژی بەرژەوەندی قیامەتی مرۆڤی باوەڕدار ئاماژەیان بۆکراوە:

ا- دنیا: دنیا و ئەوەشی لەناویدایە، کاتیین و هەتا سەر و هەتاهەتایی نین، بۆیە هەرکەسێک دڵ ببەستێت پێیانەوە، ئەوا لەڕۆژی دوایدا، زەرەرمەند و دۆڕاوە. (الحدید: 20).

ب- حەزوئارەزوو: قورئانی پیرۆز باسی کەسانێک دەکات، کە وازیان لەنوێژەکانیان هێناوە و دوای حەزوئارەزووەکانیان کەوتوون، ئەوانە بە زەرەرمەند ناودەبات. (مریم: ٥٩).

پ- دووڕووان: پیاوان و ئافرەتانی دووڕوو، کە هەندێکیان دەستدەخەنەناو دەستی یەکتری و فەرمان بەکاری خراپەدەکەن و ڕێگری لەکاروکردەوەی باش دەکەن. (التوبة: ٦٧).

ئەدەبیاتی تەسەووفی، کە سەرچاوەکەی لەبنەماکانی ئاینی پیرۆزی ئیسلامەوە وەرگرتووە و زۆربەی شاعیرەکان، پیاوانی ئاینی بوون، بۆیە گەلێک کەرەستە و ڕەمزی ئاینیان لەدەقەکانیاندا بەکارهێناوە، لەبارەی هێزی دژ، یان نەیار، یان دوژمنی مرۆڤی باوەڕدار، گەلێک ئارکیتایپ دەبینین، لەدیارترینیان:(شەیتان، نەفس، دنیا)، بەڵام ئەوەی زیاتر لەناو ئەدەبیاتی عیرفانیدا، وەک کاراکتەری دژی ئیمانی مرۆڤ، یان لایەنی ڕۆحی مرۆڤ، کەنوێنەری پاکی و بێ کەموکوڕییە باوە، (دەتوانین لەئەدەبیاتی عیرفانیدا ئارکیتایپی نەفس بە کاراکتەری سێبەر ناوببەین)(قشقایی،١٣٩٠: ٦).

لە فەزیلەتی بەنی ئادەم، نەفس پادشای خراپەکارییەکانە و لەڕێگەی بەردەستەکانییەوە، ئیبلیس و ئەهلەنناس،.. دەیەوێت هەموو موڵکەکان داگیربکات و لەبری یاسا و ئاینی ئاسمانی، دەستوور و یاسای زەمینی پەیڕەوبکات و خراپەکاری بڵاوبکاتەوە بەسەرزەویدا، بەڵام ڕۆح کە هێزی ئاینی و پاکییە، بەرگری لەخواستەکانی نەفس دەکات و بەوهۆیەوە شەڕ و ململانێکان دروستدەبن:

| | |
|---|---|
| فیتنەی عەزیمەن جەنگ نەفس و ڕووح | مەبۆ ئەوسافش بەیۆ بە مەمدووح |
| جە لای بەعزێ «دڵ» تەخت مەقسوودەن | هەرکام نیشت نە تەخت شاهـ وجوودەن! |
| ئەسەحش ئێدەن سێ شەهریارەن | هەر یەک با وەزیر سوپا و سەردارەن |
| ڕۆح و نەفس و دڵ هەر سێ پادشان | جە موڵک وجوود حوکمشان ڕەوان |
| ئیرادە وەزیر، پایتەخت دڵەن | هەم وەزیر ڕۆح عەقڵ کاملەن |
| وەزیر نەفسەن ئیبلیس لەعین | جە ئوموور نەفس هەر ئەوەن موعین. |

(ل٢٦٩-٢٧٠).

٧- **یارمەتیدەر /هاوپەیمان:** لەگەڵ ئەوەی لەچیرۆکەکاندا، دوو لایەنی سەرەکی پاڵەوان و دوژمن، بەشێواز و جۆرەجیاوازەکانیانەوە، هەمیشە ئامادەن، دوو هێزیتریش بەشێوەی کرداری و بەشداریکردنی ڕاستەوخۆیێت لەڕووداوەکان، یان بەشێوەی هێزی خەیاڵی بێت، لەهەندێک دیمەن، یان لەدیمەنێکی دیاریکراودا، لەچیرۆکەکەدا دەردەکەون، کە یەکێک لەوانە هاوکار و یارمەتیدەری پاڵەوانە، کە ئەمە دەشێت تەنها کەسێک بێت، یان گروپ و دەستەیەک، یان هێزێکی خەیاڵی و ڕۆحی، یان کەرەستەیەکی جادوویی، لایەنەکەی تریشیان لەبەرەی بەرامبەر پاڵەوانەکە دەبێت و هاوکاری دوژمن دەکات. لەداستانی عیرفانی و قۆناغەکانی ژیانی سۆفی، دووبەرەی دژ بەیەک بەردەوام لەململانێدان، بەرەیەکیان ڕۆح پادشایەتی و بەسەرکردایەتی ئیرادەیە، کە ئەمە، لەقۆناغە جیاوازەکاندا، هەموو لایەنە چاکەخوازییەکانی مرۆڤ دەبن بەهاوکار و پشتیوانیان، هەتا قۆناغ و پلەی زیاتری ڕێگای تەریقەت ببڕن، پشتیوانی بەهێزتریان بۆ دروستدەبێت، بۆنمونە لەسەرەتای ڕێگادا، ڕووبەڕووبوونەوەی ئیرادە و حەزەشەیتانییەکان دروستدەبێت و پاشان هەریەکە لە ویژدان و ژیری و خۆشەویستی خودا و دڵنیایی،... دەبنەهاوکاری ئیرادەی سۆفی و هەتا دەیگەیەنن بەپلەی دڵنیایی تەواوەتی و زاڵبوون بەسەر هەموو حەزوئارەزووەکان و ئەوشتانەی تایبەتن بە دنیای مادی مرۆڤ. لەبەرامبەردا هێزی نەفسی خراپەکار هەیە، کە هاوپەیمان و هاوکار و

سەربازی وەک(شەیتان و وەسواسی، دوڕوویی...)هەیە، کە هەوڵدەدەن ئیرادەی سۆفی تێکبشکێنن و موڵکەکانی ڕۆح وێرانبکەن.

خەیاڵ جە ڕۆح و، یاد جە زەمیرەن    دەرک و هۆش مەخرەج، عەقڵ وەزیرەن
هەرچی خوتخوتەی فیتنەی وەسواسەن    مەخرەج ئیبلیس و جە ئەلخەنناسەن
جە ئایەی قەدیم هەم ئێدەن قیاس    جە ئەلخەنناسەن شەڕ هەر وەسواس.
(ل٢٨٨).

**٨- فریودەر/ فێڵباز:** ئەم جۆرە کاراکتەرانە، هەوڵدەدەن، بەفێڵ و نواندن، خۆیان لەپاڵەوانەکە نزیکبکەنەوە، بۆئەوەی بتوانن زەرەری پێبگەیەنن و لەڕێگەی گەیشتن بەئامانجەکەی لایبدەن، جا ئەم جۆرە کەسایەتییانە، دەکرێت وەک نوێنەر، یان نێرردراوێك لەلایەن دوژمنەوە ئەو کارەیان پێسپێررابێت، یان دەشێت خۆیان بەسەربەخۆیی ئەو کارەبکەن، بەهۆی ڕقلێبوونەوە، یان بەرژەوەندی هاوبەش لەگەڵ دوژمنەکاندا. لەدنیای ڕۆحانی و ئیمانیدا، ئەوەی هەمیشە لەفێڵ و تەڵەنانەوەیە بۆ مرۆڤ، شەیتانە، کە بەهۆی ڕقلێبوونەوەی لەمرۆڤ، هەوڵدەدات زیانی پێبگەیەنێت و بەرەو ئاگری دۆزەخی ببات، سەرچاوەی ڕقەکەشی زۆر کۆنە و دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای دروستبوونی مرۆڤ، کە خودای گەورە ئادەمی دروستکرد و لەڕۆحی خۆیی کردووە بەبەریدا ﴿فَإِذَا سَوَّيْتُهُ وَنَفَخْتُ فِيهِ مِن رُّوحِي﴾(الحجر: ٢٩). بەهۆی ئەوەی ئادەم لەلایەن خوداوە کراوە بەجێنشینی خۆی بۆ ئاوەدانکردنەوەی زەوی، هەروەها ئەو ڕۆحەپیرۆزەشی کە خودا کردوویەتی بەبەریدا، بۆیە خودا فەرمانی کردووە بەدروستکراوەکانی، کە سوجدەی ڕێز ببەن بۆ ئادەم ﴿وَإِذْ قُلْنَا لِلْمَلَائِكَةِ اسْجُدُوا لِآدَمَ فَسَجَدُوا إِلَّا إِبْلِيسَ أَبَىٰ وَاسْتَكْبَرَ وَكَانَ مِنَ الْكَافِرِينَ﴾(البقرة: ٣٤). هەرلەو کاتەوە شەیتان سوجدەکەی نەبرد بۆ ئادەم و بێفەرمانی خودایکرد، چونکە خۆی بەباشتر دەزانی لە ئادەم، خودای گەورەش بەهۆی ئەو خۆبەگەورەزانین و سەرپێچییەوە، شەیتانی دەرکرد و زەلیل و ڕسوایکرد، شەیتانیش بۆئەوەی تۆڵەی خۆی لەمرۆڤ بکاتەوە، داوای لەخوداکرد، هەتا ڕۆژی قیامەت بیهێڵێتەوە، بۆئەوەی مرۆڤەکان لەڕێگەی ڕاست لابدات و لەهەموو ئاڕاستەیەکەوە هەوڵی فریودان و هەڵخەڵەتاندنیانبدات و لەڕێگەی بەهەشت لایانبدات و بەرەو دۆزەخیان بنێرێت. ئەم دیمەنە لەقورئانی پیرۆزدا بەم شێوەیە بۆمان باسکراوە. (بڕوانە سورەتی الاعراف: ١٢-١٨). لەو ڕۆژەوە، شەیتان، بەردەوام لەڕێگەی بەکارهێنانی فێڵی جۆراوجۆرەوە، خەریکی فریودانی مرۆڤەکانە، چونکە لەچەندین شوێنی قورئانی پیرۆزدا، باسی فێڵەکانی کراوە، هەروەها ئەوەش خراوەتەڕوو، کەچۆن دوایئەوەی مرۆڤ توشی کوفر ولادان دەکات، خۆی لە کەسەکە بێبەری دەکات،(وەکو شەیتان، کاتێک دەڵێت بەئادەمیزاد کافرببە، کاتێکیش مرۆڤ کافردەبێت، شەیتان پێیدەڵێت: من لەتۆ بەریم و من لەخودا دەترسم)(الحشر: ١٦).

لەفەزیلەتی بەنی ئادەمدا، دووجار ئیبلیس هەوڵی فریودانی سوپای بەرامبەردەدات، لەجاری یەکەمدا، دوای شکانی سوپای ئەلخەنناس، لەلایەن سوپای ئیرادە و عەشقی مەجازییەوە، ئیبلیس هێزی پشتیوانی دەهێنێت بۆ مەیدانی شەڕ و سەرەتا لەڕێگەی نووسینی نامەیەکی پڕ لەفێڵ و تەڵەوە، سوپای بەرامبەر بانگدەکات بۆ ئاشتەوایی و ڕێکەوتن، کە سەرەتا بەم شێوەیە دەستپێدەکات:

نویسا نامە خیتاب بە وەزیر:    ئەی ئەخ ئەرشەد دانای دڵپەزێر
هەرچەندە حیکمەت ئامۆزی لوقمان    تەرک ئەدەبەن جەلای عارفان
ئەمما چون سینم جە تۆ زیادەن    ئەر گۆش کەی پەندم شیمەی ئەمجادەن

هەرچی هەن جە عیلم زات ئەکبەرەن    نێک و بەد جە حوکم قەزا و قەدەرەن
سەعید و شەقی جە بەتن مادەر    "جف القلم"ەن جە هەر خەیر و شەڕ.
(ل٣٦١-٣٦٢).

پاشان لەدرێژەی نامەکەیدا، باسی بنەڕەتی خۆی دەکات، کە پوختەی ناوەرۆکەکەی بەم شێوەیەیە: {من بنەچەم نوجەبای تائیفەی گیانە، خاوەن، پێگە و بەخت و ماڵ و سامان بووم... چ ئیمان بۆ کوفر چ کوفر بۆ ئیمان، هیچ لەدەسەڵاتی خودا کەمناکاتەوە. هەمیشە ئەم چەرخە نەگبەتە بەم جۆرەیە، بۆچی لەکەیف و خۆشی و ڕابواردن وازبهێنین. هەموو عارفەکان ئەوەیان نەکردووە بەعادەت، کەبەشی ئەمڕۆ دابنێن بۆ سبەینێ. با دڵمان خاڵی بکەین لە بەربەرەکانێی سوپا و بەکەیف و خۆشی بۆخۆمان ڕابووێرین. ئەگەر ڕێکەوین لەهەموو شەڕ و خێرێکدا،"الصلح خير" قسەی حەقە، پابەندبوونی بەڵێنیش ڕاستگۆیی تەواوە. بائێستا هەردوولامان، بەربەرەکانێ و ڕقی نێوانمان بگۆڕین بۆ ڕێکەوتن. لەباشی پادشاکانە، ئەگەر بەئاشتی و دادپەروەری، ئیدارەی بەردەستەکانیان بدەن. بۆ میوەی بەهەشت، کە دیارنییە هەیە یان نییە، خۆتان لەدنیادا ڕەنجەڕۆ مەکەن. شەهوەت و چێژ بۆئەوە دروستکراوە، تێربکرێن لەدنیادا... خودا کەریم و غەفوور و ڕەحیمە، هەرکەسێک لەخوا بترسێت گەمژەیە. هەرکەسێک هۆکارەکانی ڕابواردنی گرتەبەر، لەدوای مردنیشی ناوبانگی دەمێنێتەوە.}بڕوانە:ل٣٦٣-٣٦٦). بەم نامەیە و ئەو خەڵات و دیارییانەی لەگەڵ نامەکەدا ناردی بۆ وەزیر و عەشقی مەجازی، توانی بگات بەئامانجی خۆیی و ڕێکەوتن و ئاشتەوایی لەنێوان سوپای هەردوولادا بێتەدی، کە لەماوەی ئاشتیدا، لەڕێگەی باڵوێزەکانی خۆیانەوە زانیاریان لەبارەی هەرێمەکانیترەوە کۆدەکردەوە، لەم لاشەوە بەدەعوەت و ڕابواردن، باڵوێزەکانی بەرامبەریان سەرگەرمکردبوو، کە لەکۆتاییدا سەرگەرمییەکانیان و چێژەکان، بوون بەهۆی لەخشتەبردنی عەشقی مەجازی و لەدەرفەتێکدا، کە سوپای بەرامبەر بێ خەیاڵبوو، نەفسی لەوامە، کەباڵوێزبوو لەهەرێمی شەرع، پادشای خۆی ئاگادارکردەوە، لەبارودۆخی هەرێمی شەرع. نەفسی پادشاش، مەجازی ڕاسپارد، کەسەرکردایەتی سوپایەک بکات و هەرێمی چوارەم داگیربکات و ببێت بەفەرمانڕەوای هەرێمەکە و لەسەر تەختەکەی ویژدان دابنیشێت.

سوڵتان جە مەفهووم نامە بی ڕازی    تەڵەب کەرد نە پێش عیشق مەجازی
واتش مەسموعەن شای عالیی زەمیر    نەمەندەن تاقەت موڵکش کۆ تەسخیر
تۆ چەنی وەزیر مەکەروون ڕەوان    مەسپاروون پێتان سوپای بێ سامان
ها بەخشام بە تۆ دە ئیقلیم تەمام    ڕەواج دەر بە حوکم وێت جە هەر مەقام
تا سوڵتان ڕۆح نەبیەن خەبەردار    بە تەسخیر موڵک تەعجیل کەر نە کار
بگێرە جە من تاج سوڵتانی    بنیشە جەو موڵک بە شادمانی. (ل٣٨٤).

لەجاری یەکەمدا فێڵی ئیبلیس سەریگرت، بۆیە جاری دووەمیش دوای سەرکەوتنی سوپای ڕۆح بەسەرکردایەتی عەشقی حەقیقی و عەقڵی کامڵ، بەسەر سوپای عەشقی مەجازی و ئازادکردنی ویژدان و گرتنەوەی هەرێمی شەرع و کوشتنی نەفسی مولهەمە. نەفسی ئەممارەی پاشا دوو نامە، ئەنێرێت بۆ هەردوو فەرماندەی سوپای بەرامبەر و ئەیەوێت فریویانبدات و بەشتەدنیاییەکان گومڕایان بکات، کە پوختەی ناوەرۆکی نامەکان بەم شێوەیەیە:

{ پادشای ئەممارە فەرمانیکرد بە سکرتێرەکەی، یاداشت بنووسێت بۆ فەرماندە حەقیق و وەزیر: لەبەرئەوەی من سوڵتانی هەرێمی شەشەمم، بونیادنەری هەیکەلی جیهانم. هەرێمی بوون بەمن ئاوەدانە، هەموو تاکەکان بەهۆی منەوە سەرئازادن.

شانازی دەکەم بەجێبەجێکردنی یاسا، بیرکردنەوەکانم و قسەی سەرزوبانم یەکسانییە. بڕیارمداوە بەنەبڕینی ئەندامەکانی جەستە و نەکوشتنەوەی کەس(قیساس)، گۆشەگیری و خەڵوەتم قەدەغەکردووە، بۆئەوەی نەبن بەجێگەی سەرنجی بەدبینان و گوماندروستکردن. لەناوچەی ژێر دەسەڵاتی من، ئازادی لەبرەودایە، هیچ باکیشم بە قەزاوقەدەر نییە. ئەگەر ئێوە گوێڕایەڵی من بکەن، ئەو کاتە لەناو خۆشییەکانی ژیاندا بۆ خۆتان ڕائەبوێرن. داواکاری و هەوڵی ئێمە بۆ خۆشی و ئازادی گەلە، داواکاری ڕۆح، قورسە و بۆ برسێتی و ئازاردانی جەستەیە. ئەوە چۆن ڕەوایە بەحکومی شەرع، لەبری دزینی یەک دینار، دەستی کەسێک ببڕیت! بۆچی بۆبەهەشتێکی نادیار، لەخۆشی و ڕابواردنی دنیا وازدەهێنن؟ کێ ژیانی ئەمڕۆ ئەبەخشێت بە سبەینێ؟...}(بڕوانە:ل ٤١٩-٤٢٠). بەڵام ئەمجارەیان جیاوازتر لەجاری پێشوو، دوو فەرماندەی وریا سەرکردایەتی دەکەن و کاتێک نامەکە دەخوێننەوە

هەرکەس نامەی ویش کەردن قیرائەت حاڵێ بین جە کار نەفس مەلعەنەت
جە بیم ئیخلال، سەکتەی تەشویشی بە ئەمر هەردوو حازر بی مونشی.
(ل ٤٢٠).

عەشقی حەقیقی و عەقڵی کامڵ، بناغەیەکی بەهێزتریان هەیە دووربینییەکی زیاتر و ئامانجێکی گەورەتریان هەیە، کە بەهەموو موڵک و ماڵی دنیا نایگۆڕنەوە، بۆیە بەپێچەوانەی عەشقی مەجازی، کەجاری یەکەم لەلایەن ئیبلیسەوە فریودرا، ئەمان بەقسەکانی نەفس فریوناخۆن و لەمەبەستی سەرەکی تێدەگەن و وەڵامێکی شایستەی دەدەنەوە، کە پوختەی ناوەڕۆکەکەی بەم شێوەیەیە:

{ نامەی یەکسانی و دادوەری پادشامان پێگەشت، بەئاماژەکردن بۆئاشتەوایی، ئێمەت دڵخۆشکرد. بە لوتفی خۆت ئامۆژگاری ئێمەتکردووە، بۆ خواردن و ڕابواردن لەسەر سفرەی ژیان، نووسیوتە بۆئێمە، کە ئەگەر گوێڕایەڵی تۆ بکەین و سبەینێی قیامەت لەبیربکەین، ئەوا هەرچی هەیە لە دەستکەوتی دنیایی بەدەستی دەهێنین. ئەمە بەواتای ئەوەیە، کەئێمە ناخمان بدۆڕێنین و زەرەرمەندی دوارۆژ بین ...، هەرچەندە زۆرینەی خەڵک حەزی لە ژیانە، داوای بەخشش و ڕزق و ڕۆزی دنیا دەکات، بەڵام لەعارفەکانەوە ئەوەمان بۆ ماوەتەوە، کەدنیایان چواندووە بە مردارەوەبوو، ئەوەشی گرنگی بە مردارەوەبوو دەدات، مەگەز و سەگە. ئەگەر پادشا گوێ لە قسەکانی ئێمە دەگرێت، کاروکردەوەی ڕابووردووی لەبیر بکات. ژیانی دنیا بۆ هیچ کەس هەتا سەرنییە، ژیانی دوارۆژ هەتاهەتاییە، ئەگەر وەزیر و سەرداری خراپەکاری خۆت وازلێبهێنیت، ئەوا هیچ شەڕێک لەنێوان هەردوولاماندا ڕوونادات. تۆش بەبنەماکانی شەرع فەرمانڕەوای بکەیت، پاپۆڕی یاسای دنیایی لابەیت و نەفسی کامیلە بکەیت بەپێشڕەوی خۆت، ئەوکاتە تۆ لە "یوم القرار" ئازادیت، ئێمەش گوێڕایەڵی فەرمانت ئەبین و سوڵتانی ڕۆحیش گوێڕایەڵ ئەبێت. ئەگەرنا ئەوا شەڕی پاڵەوانەکان بەردەوام ئەبێت و تۆش لەبیرکردنەوەکانی خۆت پەشیمان ئەبیتەوە.}(بڕوانە: ل٤٢٠-٤٢٣).

## ئەنجامەکان

- فەزیلەتی بەنیئادەم، کە داستانی عیرفانییە و دەقێکی شیعرییە، بەڵام هەموو لایەنە هونەرییەکانی گێڕانەوەی بە باشترین شێوە تێدا بەرجەستە بووە.
- هەموو ئەو لایەنانەی لەنەخشەڕێگای سەفەری نووسەری ڤۆگلەردا هەیە، (لەفەزیلەتی بەنیئادەم)یشدا هەیە.
- ئەم دەقە، هەوێنی میانەڕەوی ئاینییە، چونکە هەڵقوڵاوی جیهانی تەسەوف و گیانی سۆفییەکی ڕاستەقینەیە و لەبری ڕەخنەگرتن لەوانیتر، جەخت لەسەر خود دەکاتەوە.
- ڕووداوەکانی (فەزیلەتی بەنیئادەم)، ڕووداوی بەرجەستەنیین، بەڵکو ڕەمزن بۆ جیهانی تەسەوف و گۆڕانکارییە هزری و ڕۆحییەکانی سۆفی.
- شاعیر لەم دەقەشیعرییە و لەدەقەکانیتریشیدا، گیان و هەستی نەتەوایەتی و خۆشەویستی نیشتیمان، تێکەڵدەکات، لەگەڵ جیهانی عیرفانیدا.
- پرنسیپ و بنەمای بڕیار و بەڕێوەبردن ڕووندەکاتەوە، بەوەی کەسی بڕوادار و سۆفی، پێویستە لەبڕیاری چارەنووسساز بکەڕێنەوە بۆ سەرچاوەی سەرەکی( قورئان، فەرموودە، ڕێنمایی پیاوچاکان،...)، سەربازیش بگەڕێتەوە بۆ فەرمانی سەرۆک،... .

## لیستی سەرچاوەکان

**قورئانی پیرۆز.**

**کوردی:**

خاڵ، شێخ محمد(٢٠٠٥). فەرهەنگی خاڵ، چاپی دووەم، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.

کەسنەزانی و بەرزنجی، بوشرا و د.سەباح(٢٠٢٣). فەرهەنگی پیران سەبارەت بە زاراوەی تەسەوف و عیرفان، چاپی یەکەم، سلێمانی،چاپخانەی سەردەم.

کەسنەزانی، بوشرا(٢٠٢١). شیعری کلاسیکی کوردی و تابووشکێنی، چاپی دووەم، سلێمانی، چاپخانەی سەردەم.

کەسنەزانی، بوشرا(٢٠٢٢). جوانیناسیی گێڕانەوە لەئەدەبی کوردیدا، چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپخانەی سەردەم.

مەحموود پور، عەزیز(١٣٩٨). ڕەوتی گەشەکردنی چیرۆک و گێڕانەوەی کوردی، چاپی یەکەم، سەقز، بڵاوگەی خانی.

هەژار، عبدالرحمن شرفکندی(١٣٦٩). هەمبانەبۆرینە، فەرهنگی کردی – فارسی، چاپ اول، تهران، چاپخانە سروش.

هەمەوەند، فەقێ قادر(٢٠٢١). کۆمەڵە شیعری فەقێ قادری هەمەوەند، کۆکردنەوە و ڕاستکردنەوەی: مەلا عەبدولکەریمی مودەریس و فاتیح عەبدولکەریم، ئامادەکردن و ڕێکخستنەوەی کاروان عوسمان خەیات(ڕێبین)، چاپی دووەم، هەولێر، نوسینگەی تەفسیر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.

**فارسی:**

عمید، استاد حسن(١٣٨٩). فرهنگ فارسی عمید، چاپ اول، انتشارات راه رشد.

زاهدین فرد، مریم(1400). گذری بر نظریەهای روایت، چاپ اول، تهران، انتشارات نگارندە هستی.

ئەرستۆ(٢٠١١). هونەری شیعر، وەرگێڕانی: عەزیز گەردی، چاپی دووەم، سلێمانی، چاپخانەی گەنج.

مکاریک، ایرنا ریما(١٣٨٥). دانش نامەی نظریەهای ادبی معاصر، ترجمەی: مهران مهاجر - محمد نبوی، چاپ دوم، تهران، موسسەی انتشارات آگاه.

پرینس، جرالد(١٣٩٥). روایت شناسی شکل و کارکرد روایت، ترجمەی محمد شهبا، چاپ دوم، تهران، انتشارات مینوی خرد.

وگلر، کریستوفر(١٣٩٠). ساختار اسطورەای در داستان و فیلمنامە، ترجمە: عباس اکبری، چاپ دوم، تهران، انتشارات نیلوفر.

ووگلر، کرستوفر(١٣٩١). سفر نوسیندە، ترجمە: محمد گذرآبادی، چاپ دوم، انتشارات مینوی خرد.

**عەرەبی:**

بارت، رولان(١٩٨٨). النقد البنيوي للحكاية، ترجمة: انطوان ابوزيد، الطبعة الاولى، بيروت- باريس، منشورات عويدات.

**توێژینەوەکان:**

**فارسی:**

دستجردی، دکتر افسانه حسن زاده. تحلیل ساختار رمان چراگ هارا من خاموش می کنم بر اساس کهن الگوی سفر قهرمان، فصلنامه ادبیات عرفانی و اسطورەشناسی، س١١- ش٣٩- تابسان ١٣٩٤، ص٤٩-٧٩.

شاپوری، مرتضی(١٤٠٢). روایت سینمای در حماسه گیل گمش از منظر سفر نوسینده کریستوفر ووگلر، فصلنامه رهپویه هنرهای نمایشی، سال سوم، شماره ،10زمستان ١٤٠٢.

طهری و مصطفوی، صدرالدین و احمد(١٤٠٠). روایت شناسی بازی های ویدئویی(موردکاوی: خدای جنگ)، فصلنامه علمی مطالعات فرهنگ-ارتباطات، شماره ٥٦، سال ٢٢، زمستان ١٤٠٠، ص١٩٥-٢١٨.

قشقایی، دکتر سعید(١٣٩٠). بررسی کهن الگوي سایه و انطباق آن با نفس در مثنویهاي عطار، فصلنامه ادبیات عرفانی و اسطورەشناختی، سال٧، شماره ٢٧، زمستان ١٣٩٠.

کهن شهری و چروده(١٤٠٢). سایه سنگین کهن الگوي سایه بر سر شعر پستمدرن، دوفصلنامه علمی (مقالهٔ علمي -پژوهشی)، ادبیات پارسی معاصر، پژوهشگاه علوم انساني و مطالعات فرهنگی، سال ١٣، شماره1، بهار و تابستان ١٤٠٢.

میرزایی و قارونی، حامد و صادق(١٣٩٨). تحلیل بازی ویدئوی ژانر نقش آفرینی ویچر بر اساس الگوی سفر قهرمان کرستوفر وگلر، مجلەی پژوهش های معاصر در علوم و تحقیقات، شماره ١، مرداد.

**عەرەبی:**

العمري، د.أسماء مساعد ابراهيم(٢٠١٥). البناء السرد في الخطاب الشعري عند (تسير سبول)، مجلة كلية الآداب- جامعة الطائف، المجلد ٤٠، العدد ١، ابريل ، ص ٢٥٥ – ٣٢٦.